# داعش و میلیشیاکان

ئەنوەر حسێن (بازگر)

2016

**ئەم لێکۆڵینەوەیە لە کۆنفرانسی**

(یەکخستنی هەوڵەکان بۆ رووبەرووبوونەوەی توندوتیژی - تیرۆر) کە لەلایەن یەکگرتوی ئیسلامی کوردستانەوە لەناوەڕاستی ساڵی 2015 ـدا سازکرابوو، پێشکەشکرا

# داعش و میلیشیاکان

## سەرهەڵدان و کاریگەرییان
## لەسەر ئایندەی عێراق و کوردستان

ئەنوەر حسێن (بازگر)

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (82)

ناوی کتێب: داعش و میلیشیاکان
سەرهەڵدان و کاریگەرییان لەسەر ئایندەی عێراق و کوردستان
لێکۆڵینەوەی: ئەنوەر حسێن (بازگر)
بابەت: سیاسی
پێداچوونەوە: ئارام مەحمود - زریان محەمەد
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 1500 دینار
ساڵی چاپ: 2016
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

## پێڕست

**بەشی یەکەم**

داعش لەبەرگی ئیسلامیزمی- سوننیزم، درێژکراوەی بەعسیزم .......... 7

**بەشی دووهەم**

داعش و میلیشیاکان، رووبەڕووبوونەوەی هەرێمی کوردستان ......... 12

**بەشی سێهەم**

داعش و میلیشیاکان، هەڵوێستی هێزە ئیسلامییەکان .................... 22

**بەشی چوارەم**

داعش و میلیشیاکان، هەڵوێستی ئەمەریکا .................................. 27

**بەشی پێنجەم**

جیاوازی نێوان، میلیشیا شیعەکان و سوننەکان ............................. 32

**بەشی شەشەم**

داعش و میلیشیاکان، فاکتەرەکانی سەرهەڵدان و

ئامانج و مەترسیەکانیان ............................................................ 36

**بەشی حەوتەم**

داعش و میلیشیاکان، کاریگەرییان لەسەر داهاتووی

عێراق و کوردستان ..................................................................... 46

**بەشی هەشتەم**

قۆناغی پۆست داعش و فۆبیای میلیشیاکان ................................ 58

**بەشی نۆیەم**

ئەگەر و ئەڵتەرناتیڤە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکان ..............................61

**بەشی دەیەم**

پلان و ئەڵتەرناتیڤەکانی حکومەتی هەرێم و هێزەکانی

هەر چوار پارچەی کوردستان ....................................................65

**بەشی یانزەهەم**

راپۆرتی نێودەوڵەتی گروپە ئیسلامیە رادیکاڵەکان

بە مەترسی دەزانێت لەسەر جیهان ............................................69

**بەشی دوانزەهەم**

گروپ و میلیشیاکانی عێراق

یەکەم: میلیشیا سوننەکان ......................................76

دووهەم: میلیشیا شیعەکان .......................................81

# بەشی یەکەم

## داعش لەبەرگی ئیسلامیزمی سوننییزمدا، درێژکراوەی بەعسیزم

**«هەر رەخنەیەك لەسەر ئیسلامی سیاسی مەكەنە رەخنە لەسەر دین،**
**هەر ستایشێكیش لەسەر دیـن، مەكەنە دەستكەوت بۆ ئیسلامی سیاسی»**

داعش گەر هەڵگری ناسنامەیەكی ئیسلامیە و درێژكراوەی قاعیدەیە، بەهەمانشێوە دەكرێت بڵێین درێژكراوەی تێڕوانینی ناسیۆنالیستی عەرەبی و بەعسیزمە.
داعــش وەك گروپێكی رادیـكـاڵـی، ئیسلامی، سەلەفی، دیاردەیەكی تازەی مەترسیدار بوو، كە بەخێرایی گەشەی كرد و خۆی خزاندە ناو كێشە و ململانێی تائیفی و ئیتنیكیەكان، وەكو نوێنەری سوننەكان  بە بەرگێكی مەزهەبیەوە خۆی دەرخست. بەرەوڕووی پێشوازیەكی گەرمی سوننەكان بۆوە.

هەر ئەوکات وەکو ئەڵتەرناتیڤی هێزە سوننەکانی ناو حکومەت (متحدون، عەرەبیە، وەتەنیە، دیالە هویتنا) خۆی نمایشکرد، پشتیوانی (تاریق هاشمی و سەرکردە سوننەکان ئەفسەرە کۆنە بەعسیەکان هاوشێوەکانی بە دەستهێنا).

هەر ئەوەشبوو لە هەڵبژاردنەکانی (2014/4/30) ئەم لیستانە پاشەکشەیان کردو بەشێکی زۆری سوننەکانیش بایکۆتی هەڵبژاردنەکانیان کرد، چونکە پێیانوابوو ئەم هێزانە ناتوانن داکۆکی لە مافەکانیان بکەن و لە مەترسیەکانی شیعە و دەسەڵاتی ئەوکاتی مالیکی بیانپارێزن بۆیە:

1-پاڵپشتی دارایی، سەربازی و لۆجستیکی داعش: هەمان ئەو وڵاتانە بوون، کە پێشتر پاڵپشتی هێزە سوننەکانی عێراقیان دەکرد، واتا وڵاتانی سوننیش بێ ئومێد بوون لە هێزە سیاسیە عەلەنیەکان.

2-فاکتێکی تری ئەم پشتیوانیە، قسەکانی رۆحانی بوو، کە لەسەرەتای رووداوەکانی داعش وتی «ئەوە شەڕی داعش نیە، بەڵکو لەوە گەورەتر و قوڵترە» کە مەبەستی وڵاتانی سوننی و تورکیا بوو.

**ململانێکانی داعش و سوننە، سوپا و شیعە:**

1-بۆچی سوپا زەبەلاحەکەی عێراق کە زۆرینەی شیعە بوو، هیچ بەرهەڵستیەکی نەکرد؟

2-بۆچی پێش چەند مانگێک مالیکی، تۆپە قورس و تانکەکانی لە موسڵ کشاندەوە؟

3-بۆچی سوپا ئینتیمای بۆ دەوڵەت و خاکی عێراق نەماوە؟

4-لە کاتێکدا بەتەنها بودجەی سێ ساڵی سەربازی عێراق لەدوای پرۆسەی ئازادییەوە (43) ملیاردۆلار بووە، بەڵام بەرگەی یەك مانگ شەڕی داعشی نەگرت...؟

5-ئەمەریکا (15) ملیار دۆلار هاوکاری سەربازی و مامەڵەی چەك فرۆشتنی پێشکەش بە عێراق کردووە، بەڵام ئاکامی نەبوو؟

6-بۆچی سوپای عێراق نەیتوانی وەڵامی هێزێکی داعشی (3000) تیرۆریستی بداتەوە؟

هەموو ئەم ئاماژانە دیارن، کە داعش باش درکی بە دڵشکان و نائومێدی سوننەکان و زەبرو زەنگی شیعە و میلیشیاکان کردبوو، بۆیە ئەم رووە ئەهریمەنەی خۆی وەك فریادڕەس نیشاندا و هەردوو بۆچونەکەش واقیعیەتی تێدابوو (چ چەوساندنەوەی سوننەکان، چ جەبەروت و زەبر و زەنگی شیعەکان).

بەعسیە پەراوێزخراوە سوننەکانیشی خستە ژێر باڵی خۆیەوە و بەڵێنی پێدان، کەزوڵمی یانزە ساڵی رابوردوویان لەسەر دەستی شیعەکان کۆتایی پێ بێنێت.

داعش ئاوا خۆی ناساند، گروپێکی (ئیسلامی، سوننی، نەتەوەیی) لە راستیدا گروپێکی تیرۆریستی ئیسلامی سیاسی، سەلەفی،

رادیکاڵ، لەبەرگی سوننیزم و بەعسیزمی فاشیی، داعش کۆکراوەی کەلتوری رابـوردووی بەعس، ئێستای بارودۆخی سوننەکان و لەرێگەی بەیەکتر بەستنەوەی چەمکی ئیسلامیزم خۆی پێناسەکرد، کە زۆرترین رەگ و ریشە فکریەکانی لەناو مەزهەبدایە.

هـەرچـەنـدە خـۆی بانگەشەی ئیسلامیبون و جیهاد و جێبەجێکردنی حوکمی قورئان دەکـات، بەڵام زۆر لە هێزە ئیسلامییەکان و خەڵکانی موسوڵمان پرۆتستۆی کارو کردەوەکانیان دەکەن و پێیانوایە داعش بەرهەمی ئیسلام نیە.

بەڵام هێزی ئیسلامی و خەڵکانێکیش هەن، کە بەیعەت و پابەندی خۆیان بەداعشەوە راگەیاندووە.

# بەشی دووهەم

## داعش و میلیشیاکان، ڕووبەڕووبوونەوەی هەرێمی کوردستان

*** تەنها پێشمەرگە دەتوانێت ئەم وڵاتە بپارێزێت و دەبێت رێز لە شەهیدان و قوربانیەکان بگیرێت**

*** هاکان چەلەنك، سەرنوسەری رۆژنامەی پۆستای تورك، دەڵێت «سەرۆکی کەنەدا (10) هەزار کیلۆمەتر لە داعشەوە دوورە، باسی هەڕەشەکانی داعش دەکات، ئەمە لە کاتێکدایە کە وا هەڕەشە لەناو وڵاتەکەشماندایە، کەچی بابەتی رۆژ لە وڵاتی ئێمە (تورکیا) مەراسیمی سوێند خواردنی ئەردۆگانە»**

رۆژنامەی پۆستای تورکی

***لەسیاسەتدا هەندێك شت بە نهێنی دەکرێت و پێویستی بە هاوار نیە، بەڵام هەندێك شت پێویستە بە ئاشکرا بکرێت و بە دەنگی بەرز داوای بکەی، کورد ئەمەی نەکردوە کە تا ئەو ئاستە مەترسی مابێت بۆ دەوڵەتی کوردی**

سـەرەڕای ئەوەی زیاتر لە 1500 پێشمەرگە شەهیدبوون و نزیکەی (5000) پێشمەرگە برینداربوون و داستانی گەورە و حەماسەت خوڵقێنیان بەرامبەر گروپی تیرۆریستی داعش خوڵقاند و داستانی گەورەیان تۆمارکردووە و سەدان فەرماندە لە پێناو پاراستنی ئەزمونی هەرێمی کوردستان شەهید بوون، بەڵام حکومەتی هەرێم نەك هەر هەستی بە مەترسیەکی وا جدی وەکو داعش نەکردبوو، کە روبـەڕووی ببێتەوە و سەرهەڵبدات، بەڵکو لەکاتی دەرکەوتنی داعشیش لە موسڵ، بۆچونی جیاواز هەبوو لەسەر مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم گروپە ئیسلامیە رادیکاڵە.

لەگەڵ ئەوەی تا ئەم ساتەش هێزی پیشمەرگە و حکومەتی هەرێم لەناو عێراقدا باشترین بەرگریانکردووە و قوربانی زۆر و شەهیدی زۆریانداوە، بەڵام گەر بە واقیعی و لۆژیکی قسە لەسەر بارودۆخەکە بکەین.

میدیاکانی پارتی پێیانوابوو شەڕی کورد نیە، شەری ئێرانە بە وەکالەت، واتا پارتی نە لە رووی سەربازی نە لە رووی فکریەوە خۆی ئامادە نەکردبوو» بەڵام میدیاکانی یەکێتی وتیان «دراوسێیەکی مەترسیدار و تیرۆریستە» بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە یەکێتیش پێشتر لەروی سەربازیەوە وەك پێویست خۆی بۆ مەترسیەکی وەها ئامادەکردووە، بەڵام گەر ئەو واقیعە

حزبیە بزانین کە هەیە. سنوری ناوچەکانی یەکێتی باشتر پارێزگاری لێکرا، بەڵام لەبواری فکریەوە یەکێتی دەمێکە ئەم مەترسیەی راگەیاندوە.

چ دوای (10 حوزەیرانی (2014) و یەکەم بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك)، چ لەکۆڕ و کۆبونەوەکانی هەڤاڵ مەلا بەختیار لە رابوردوو لەگەڵ سەرهەڵدانی داعش، کە هەموویان جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە «داعش دراوسێیەکی مەترسیدارە و پێویستە وەکو هەرەشەیەکی جدی سەیربکرێت لەسەر هەرێمی کوردستان و ئەزمون و ئازادی و دیومکراسی لەم هەرێمەدا، دەرکەوت ئەم بۆچونانە راستن و یەکەم پەلامار و قەتڵ و عامی ئەم تاقمە تیرۆریستیە بۆسەر خەڵکی شەنگال و قوربانی ژنان و کچان و کوڕان و بنەماڵە و خانەوادەی ئەوان بوو بە فڕاندن و سوکایەتی پێکردنیان».

واتا هیچ هێزێك هێندەی یەکێتی سوور نەبووە لەسەر مەترسی ئەم گروپانە و هاوشێوەکانیان، کە مەترسین لەسەر کۆی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و هەرێمی کوردستان، تا ئێستاشی لەگەڵ بێت. زۆرترین مەترسی لەسەر هەرێم و ئەزمونەکەیەتی، کە ئەرکی هەموو هێزەکانە بە هێزە ئیسلامییەکانیشەوە بەرگری لە هەرێم و ئەزمونەکەی بکەن.

ئەگەرچی لەرووی فکری و میدیاییەوە هەمیشە ئەم گروپە

رادیکاڵ و تیرۆریستیانەی بە مەترسی جدی لە سەر هەرێم و ئەزمونی کوردستان و دیموکراسی زانیوە و کاریشی بۆ کردووە، بەڵام پارادۆکس لە بۆچونی کورد هەیە، لەنێوان داواکانی و هەستنەکردن بە مەترسیەکان، لەنێوان بانگەشە و مەترسیەکاندا بەمشێوەیە:.

**1- سێ مەسەلەی رەوای خەڵکی کوردستان ( دەوڵەتی سەربەخۆ، ریفراندۆم، کۆنترۆڵی ناوچە جێ ناکۆکەکان)**

جیا لەوەی بەشێکی بانگەشەی سیاسی بوو، نیگەرانی لای هەر چوار وڵاتانی داگیرکاری کورد و وڵاتانی ناوچەکە دروستکرد. باس لەوەش دەکرێت یەکێك لە فاکتەرەکانی سەرهەڵدان و پشتیوانیکردنی وڵاتانی ناوچەکە لە داعش، ئەم بانگەشەیەی کورد بوو، کە زیاد لە پێویست گەورەکرا و بێ پلان بووە و وڵاتانی ناوچەکەی نیگەرانکردووە. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئاواتی هەموو کوردێکە، بەڵام زیانی زۆرتـر بوو لە سودەکانی و بارودۆخی سیاسی ناوچەکەی باش نەخوێندبووەوە و دواتریش باسێك لە دەوڵەتی کوردی نەما، ئەگەرچی ئەم مافە رەوا و بەرهەقە هەرگیز قابیلی بیرچونەوە نییە.

**2-تێکچوونی پەیوەندیەکانی هەولێر- بەغداد**

**گەر حکومەت دەیزانی داعش سەرهەڵدەدات (کە بە بۆچونی من تەشخیصی وای نەکردبوو)، نەدەبوو پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەغدا بپچرێنێت.**

پاش سەرهەڵدانی قەیرانەکانی هەولێر - بەغدا، لەنێوان حکومەتی هەرێم و مالیکی (سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتە)، گەیشتە ئاستێك هەموو پەیوەندییەکانی پچڕاند و هەرێم روویکردە تورکیا و قەیرانی بودجە و موچەی بەدوای خۆیدا هێنا و سەرئەنجام ئەو ئومێدەی حکومەتی هەرێم راست دەرنەچوو، کە تورکیا پشتیوانی لە هەرێم و لایەنگری دەوڵەتی سەربەخۆیە. بگرە لەکاتی پەلاماردانی موسڵ و شەنگال و داوای پشتیوانی لە تورکیا، ئەنکەرە بە بیانوی سەرقاڵبوون بە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری و دەست بەسەرداگرتنی کارمەندانی کونسوڵخانەی تورکیا لە موسڵ، خۆی لە هاوکاری هەرێم دزیەوە. داڵدەدانی تاریق هاشمی و بەشێك لەسەرکردەکانی سوننە لە هەولێر، مالیکی و عێراقی زۆرتر لە هەرێم نیگەرانکرد. دەرکـەوت تورکیا نەك هاوکار نییە، بەڵکو دژە و هاوکاری سەرەکی داعشە و ئامادە نەبوو، نە لە بواری سەربازی و نە لەبواری ئابوری هاوکاری هەرێم بکات و گەر ئەوەش بزانین

تێڕوانینی تورکیا بۆ هەرێم تێڕوانینێکی ئابوریە نەك سیاسی.

**3-بەرخودانی هێزی پێشمەرگە:**

دەبوو (هـ پ) بۆ جەنگی وا مەترسیدار ئامادەبکرایە، دوای روخانی بەعس (2003) تا (2013) نزیکەی (90) ملیار دۆلار هاتۆتە هەرێم، بەڵام نە بۆتە خاوەنی چەکی باش، نە رێکخستنی پتەوی هێزی پیشمەرگە و نە دەزگای هەواڵگری زۆر چالاك، سەرەڕای بوونی هێزی چالاکی وەك دەزگای زانیاری و پاراستن و دژە تیرۆرو هێزەکانی ئاسایش کە کاری زۆر گەورەیان کردوە بۆ پاراستنی ئەمنیەتی خەڵك.

سـەرەڕای هەموو ئەوانە حکومەتی هەرێم چ لەبواری زانیاری و هەواڵگری، چاوەڕێی سەرهەڵدانی دوژمنێکی وەك داعشی نەدەکرد. بۆیە سەرەتا توشی شۆك بوو لە موسڵ و لە شەنگالیش کارەساتی لێکەوتەوە، بەڵام دەرکەوت تەنها و تەنها هێزی پێشمەرگە دەتوانێت پارێزگاری لەم وڵاتە بکات، بەڵام پێویستە ئامادەگی بۆ ئەم مەترسیانە لەبەرچاو بگرێت. کە دوای داعش چ مەترسیەکی تر روبەڕووی هەرێم دەبێتەوە، بۆ نمونە تەشخیص و لێکدانەوەی حکومەتی هەرێم چییە سەبارەت بە میلیشیا شیعە و سوننەکان یان هەر گروپێکی تری داهاتوو کە سەرهەڵدەدات و گەرەنتی چییە، کە دژی حکومەتی هەرێم نابن، بەڵام سەرەڕای ئەم خاڵانە هێزی پێشمەرگە بەرخودانی

گەورەی تۆمارکرد و داستانی گەورەی خوڵقاند.

**4-شڵەژانی میدیایی**

هەرێمی کوردستان، نەك هەر هێزە سیاسی و سەربازییەکانی توشی شۆك بوون، بەڵکو میدیا و کەناڵە میدیاییەکانی حزبە (عیلمانی، ئیسلامی و ئەهلیی)ەکانیش توشی شۆك بوون، چونکە مامەڵەیان لەگەڵ رووداوی وەها نەکردبوو بەڵگەش بۆ ئەمە:

أ. نەبوونی گوتارێکی میدیایی هاوبەش، چ نیشتیمانی، چ لەبواری میدیایی و پرۆفیشناڵدا.

بۆ نموونە روماڵی میدیاکانی پارتی، یەکێتی و ئیسلامییەکان و میدیای ئەهلی جیاوازبوو.

ب. جیاوازی هەبوو لەسەر چەمکی، شەهید، قوربانی، کوژرانی (ه پ) لە کەناڵەکانیان و ئیجتیهادی دینی، سیاسی و حزبی زاڵبوو بەسەر پەیامەکانیاندا.

ت. زیاد لە پێویست گەورەکردنی داعش وەکو فۆبیا.

پ. گواستنەوەی هەواڵی سامناك و مەترسیدار لەپێناو سەبقی رۆژنامەوانی.

ج. خۆدزینەوە لە لەناوبردنی داعش وەکو (تیرۆریست) لە سەرەتاوە، بەتایبەتی میدیای هێزە ئیسلامییەکان و باسکردن لە داعش بە شێوەیەکی شەرمنانە.

**5-نەبوونی پلانی ستراتیژی**

تا ئەم ساتەش، هیچ سەنتەرێکی ستراتیژی نابینین کە دیراسەی ئەم پێکهاتە و ئاڵوگۆڕانە بکات کە ئایا دوای داعش چی ڕوودەدات؟ یان داعش بۆ خوڵقا و فاکتەر و هۆکارەکانی چی بوون؟ ئەگەری دوبارە بونەوەی کۆپیەکانی داعش لە داهاتودا مومکینە؟ ئایا لەبەردەم مەترسی گەورەی داهاتودایە؟

یان دوای داعش چ گروپێکی تری ئیسلامی یان قەومی عەرەبی تیرۆریستی یان وڵاتانی ناوچەکە چەندە هەرەشەن لەسەر هەرێم...؟ کە بۆ ئەم مەبەستە سەدان سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئەوروپی و ناوچەیی، لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی گرنگیان کردووە. کە کەمتر هەڕەشە و مەترسین لەسەر وڵاتەکانیان.

**6-پارادۆکس لەنێوان کۆبانێ و هەولێر**

دەبوو هەموو لایەنەکانی کوردستان و حکومەت پشتیوانی لەو کانتۆنانە بکەن.

هێزەکانی کۆبانێ و PYD و YPJ پێش ساڵێك لەگەڵ داعش و نوسرە روبەڕووبوون و تا دوایش رێگایان نەدا کۆبانێ بکەوێت، کە زۆرتر بەهۆی پلانی ستراتیژی PKK دەبوو، ئەمەش پارادۆکسێکە لە نێوان حکومەتێك کە (23 ساڵە هەیە و چەند کانتۆنێك کە سێ ساڵە هەن) هەرچەندە حکومەتی

هەرێم و بە تایبەتی دژە تیرۆر، ڕۆڵی گەورەیان هەبوە لە پشتیوانی کۆبانێدا. بۆیە بێ پلانی تراژیدی ناکرێت ئایندە و مەترسیەکان لەبەرچاو بگیرێن و خۆمان ئامادە بکەین بۆ هەرەشە دەرەکیەکان، کە یەکێك لە ئامانجەکانیان لەناوبردنی ئەزمونی هەرێمی کوردستانە.

**7-نەبوونی گوتارێکی هاوبەش، حزبی ، حکومی نیشتیمانی، میدیایی.**

گەر هێزە کوردیەکان لەسەر زۆربـەی بابەتەکان بۆچوون و تێڕوانینی جیاوازیان هەبووە، بەڵام نەدەکرا لەسەر ئەم بارودۆخە ئەم تێڕوانینە جیاوازە دروستبێت. کە بینیمان دروست بوو.

ئایا ئەم مەترسیەی داعش و میلیشیاکان، کورد دەکاتە خاوەنی گوتاری هاوبەشی نیشتیمانی بۆ داهاتوو؟

# بەشی سێیەم

## داعش و میلیشیاکان، هەڵوێستی هێزە ئیسلامییەکان

ئایا فکری داعش ڕەگ و ریشەی لەناو دین و مەزهەب دایە؟ ئایا داعش درێژکراوەی دەقی پیرۆزی ئاینی ئیسلامە؟ بێگومان خۆیان بانگەشەی ئەوە دەکەن، بەڵام ڕەفتار و پراکتیزەی کاری ڕۆژانەیان بۆ زۆرینەی موسڵمانان جێگەی پرسیارە؟ ئایا بۆ هێزە ئیسلامییەکانیش جێگەی پرسیارە؟

1-بەڵام خۆ هەموو هێزە فاشیی، ناسیۆنالیست، ڕاسیستیەکان، تۆتالیتارەکان و گروپە ئیسلامیە توندڕەو و تیرۆریستیەکانیش پشت بە فکر و ئیدولۆژیایەك دەبەستن بۆ ڕەوایەتی دان بە بەربەریەتی خۆیان.

2-من چۆن باوەڕم بەوە هەیە کە ستالین، مارکسیست نەبوو، باوەڕناکەم داعش و بەغدادی ئیسلامیزمی واقیعی بن...! بەڵام ئەمە پێویستی بە ڕوانین و بۆچوونی هێزە ئیسلامییەکان و ڕونکردنەوە و دەربڕینی ئاراو بیروبۆچونیان چییە کە گومان

لەلای خەڵکی کوردستان دروستبووە؟
بـەڵام وتـار و بۆچونی هەندێك كەس و مەلا و وتاربێژ و هێزە ئیسلامییەكان و میدیای هێزە ئیسلامییەكان گومان دروستدەكات كاتێك دەڵێت:
1-پ.م گەر لەژێر ئاڵای ئیسلام و خوا و جیهاد شەهید نەبێت، شەهید نییە...!
2-كاتێك لەسەر چەمكی پ.م (شەهیدە، كـوژراوە، گیانی لەدەستداوە) ساخ نابێتەوە و گومانی هەیە!
3-كاتێك پێویستە هەموومان رێز لە مزگەوت، عەقیدە، باوەڕ و سمبولەكانیان بگرین، بەڵام ناكرێت مزگەوتەكان كارگەی بەرهەمهێنانی جەنگاوەر بۆ داعش بن وەكو لە هەندێك مزگەوتەكان و حوجرەكان و بارەگاكان رەوانەی داعش كراون!
4-داعش روكەشكراوە بە فكری ئیسلامی، دینی، مەزهەبی، سوننی ناسیۆنالیزمی عەرەبی فاشی!
5-بەسەرنجدان لەوەی لە (سۆماڵ، مالی، ئەفغانستان، عێراق، سوریا و یەمەن، نەیجیریا) روودەدات یان هێزە ئیسلامیە رادیكاڵ و تیرۆریستەكانن یان ئەمەریكای لێ بەرپرسە؟.
6-زۆربەی ئاماژەكان لەسەر ئەوە كۆكن، كە داعش و میلیشیاكان خۆیان وەكو نوێنەری ئیسلام دەناسێنن و رەگ و ریشەیان لەناو ئیسلامدایە.

7-زۆربـەی هێزە ئیسلامییەکان، بەوانەی کوردستانیشەوە لەسەرەتای سەرهەڵدانی داعش، شەرمنانە هەڵوێستی خۆیان دەربڕی و هەندێك کەس و سەرکردایەتی حزبە ئیسلامیەکان تا ئێستاش هەڵوێستی خۆیان دەرنەبڕیوە!

8-لەسەرکردایەتی هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان کەسانێك هەن دەڵێن ئێمە ناتوانین بە داعش بڵێین تیرۆریست، بەڵام فەتوای کوشتنی کەسایەتی سیاسی ئەم هەرێمە لەسەر جیاوازی فکرو بیرو بۆچون دەدەن.

9-لایەنگرانی بەشێك لە هێزە ئیسلامییەکان رێز لە سیمبول و پیرۆزیەکانی کوردستان و ئاڵا و پێشمەرگە ناگرن. بۆ نموونە بانگخوازێکی ئیسلامی دەڵێت «چۆن دەچیتە ناو سوپای کوفرەوە... چۆن لە ژێر ئاڵایەکدا شەر دەکەی ، نازانی ئەم ئاڵایە چییە و ئەم سەنگەرە هی کێ یە...». ئایا ئەمانە قسەی ئینسانی و دین و مۆراڵین. بێگومان نەخێر، بەڵکو مەبەست لێی (لێ سەندنەوەی نرخ و بەهای پێشمەرگە و شەهیدبوون و بێ رێزیە بەرامبەر نیشتیمان و وەلایە بۆ داعش).

کۆمەڵگەی کـوردی رەخنەی ئـەوە لە هێزە ئیسلامییەکان دەگرن کە بۆچی ئامادەنین هێزی پشتیوانی بنێرن بۆ شەڕەکان (هەرچەندە ژمارەیەکی کەمیان نـاردووە) بۆچی لەرووی میدیاوە بۆچونیان دژە، بۆچی هەڵوێستی ئیسلامییەکان

نارۆشنە، بەڵام بۆ پشتیوانی غەززە لە فەلەستین هەزاران کەس دێنە سەر شەقام و پشتیوانی لە فەلەستینیەکان دەکەن!

ئایا پشتیوانی لە فەلەستین پێویستترە لە پشتیوانی لە هێزی پێشمەرگە و کۆبانێ!

بۆچونێکی زۆری خەڵکی هەیە دەڵێن «ئیسلامییەکانی کوردستان نایانەوێت لەگەڵ داعش نە دژ نە دۆست»بن!

# بەشی چوارەم

## داعش و میلیشیاکان و هەڵوێستی ئەمەریکا

پرسیارێکی سادە دەکرێت، ئایا ئەمەریکا مەبەستیەتی داعش لەناوبەرێت؟ ئەگەر وایە بۆ ئەو کارە ناکات؟ دەیڤد پترایۆس دەڵێت: «ئێران لە عێراقدا لە داعش سامناکترە، پێیوایە ئێران بەشێکە لە کێشە نەك بەشێك بێت لە چارەسەر» ئەمە والێکدەدرێتەوە کە مەترسی لە رۆڵی ئێران هەیە، بەڵام ئەمە بەتەنها بیانویەکی سیاسیە و هیچی تر.

سیاسەتی ئەمەریکا زۆرجار بەرژەوەندیخوازانە و نا مۆراڵیە، چەمکەکانی دیموکراسی، ئازادی، یارمەتی و فەلسەفەی هیومانیستی تەنها لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیدایە.

بەڵام داعش بیانویەکی باش بوو بۆ سەرلەنوێ گەڕانەوی بۆ ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و سەرکردایەتی (هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی) دژ بە داعش.

واشنتۆن لەدوای رووخانی بەعس لەگەڵ رووداوگەلی زۆر بەرەوڕوو بوو، کە زۆرینەیان لە قازانجی نەبوون، یان نەیتوانی چارەسەریان بکات و بەپێی ئەجێندای سیاسی خۆی بیانباتە پێش بەم بەڵگە و فاکتانەوە:

1-مانەوەی کێشەی عەرەب- ئیسرائیل بە هەڵواسراوی.

2-تێکشکاندنی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئۆکتۆبەری (1993 لە مەقادیشۆ لەسەر دەستی گروپەکانی محەمەد فەرەح عایدید و پاشەکشەپێکردنی هێزەکانی لە 24ی مارسی 1994).

3-بێ ئاسۆیی و بێ چارەسەری، قەیرانە ئەتۆمیەکانی کۆریای باکور.
4-شکستهێنانی لە ئیحتواکردنی ئێران، بەهۆی پاوانخوازی و کورە ئەتۆمیەکانی و دروستکردنی قەیرانەکانی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.
5-سەرنەکەوتنی لە شەڕەکانی هاوپەیمانێتی کردنی لە ئەفغانستان دژی تاڵیبان و ئەلقاعیدە، زەرەرو زیانێکی زۆری سەربازی و دارایی و فشاری ناوخۆیی.
6-جێهێشتنی عێراق بۆ ئێرانیەکان، سەرهەڵدانی جەنگێکی خوێناوی نێوان شیعە، سوننە، دەستتێوەردانی وڵاتانی ناوچەیی.
7-لەرووداوەکانی بەهاری عەرەبی، پشتکردنی لە سیستمە تۆتالیتارەکانی دۆستی و جێهێشتنی سیستمە تازەکان و چۆڵکردنی بۆ گروپە ئیسلامیە رادیکاڵەکان و شەڕی ناوخۆ و کەوتنەوەی بە دەیان هەزار قوربانی لەو وڵاتانە.
8-شکستهێنانی لە روخاندنی رژێمی بەشار ئەسەد و پشتیوانی بەناو لەسوپای ئازادی سوریا.
9-بێ هێزی دەزگا هەواڵگیریەکانی، لە ئەفەریقا و گەشەکردنی بۆکۆ حەرام لە نایجیریا، چاد و سیرالیۆن.
10-نەبوونی رۆڵێکی کارای لە قەیرانەکانی مالی و دەستپێشخەری فەرەنسا لەو رووداوانە.

11-بێ چارەسەری و بێ ئاسۆیی لە قەیرانەکانی ئۆکرانیا و سەرلەنوێ روبەڕووبونەوەی لەگەڵ مۆسکۆ.
12-بێ دەربەستی بەرامبەر هەژموونی شیعەکانی یەمەن و بەرێوەچوونی قەتڵ و عامێکی بێ وێنە و بێ دەنگبوون لە سیاسەتەکانی ئێران.
13- تازەترین هەڵوێستی ئەمەریکا و سەرهەڵدانی داعش و بێ دەنگبوونی لە هاوکاریەکانی تورکیا و وڵاتانی کەنداو، بە هەڵواسراوی هێشتنەوەی کێشەکانی داعش لە عێراق و سوریا.
14-سەرهەڵدانی میلیشیاکان لە عێراق، سوریا، یەمەن، نایجیریا، سۆماڵ، ئەفغانستان.

ئەمانە هەمووی ئاماژەن بەوەی ئەمەریکا دەیویست بگەڕێتەوە ناوچەکە و زۆرتریش بەدوای سیاسەتی نەوت و سیاسەتە ئابوریەکانیەوەیەتی، بۆیە دەکرێت بڵێین سیاسەتێکی بێ مۆراڵ پیادە دەکات، واتا گەر لایەنی یەکەم لەو قەتڵ و عامە و رەشەکوژی و جینۆسایدەی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتی لە عێراق و سوریا و ئەفغانستان و مالی، سۆماڵ، یەمەن، لیبیا، تونس... هێزە تیرۆریستە ئیسلامییەکان و میلیشیا شیعە و سوننەکانن بن، ئەوا لایەنی دووهەم ناڕونی ئەجێندا و سیناریۆکانی ئەمەریکایە لەناوچەکە و کوژرانی سەدان هەزار کەسە.

لەبارەی ملیشا و گروپە چەکدارەکانیشەوە باش دەزانێت لەکوێ و کام وڵاتەوە هاوکاری دەکرێن، بەڵام کە بێدەنگە مانا و مەغزاکانیشی دیارن؟!

تەنانەت باس لە پەیوەندییە نهێنیەکانی لەگەڵ ئێران دەکرێت و بێ دەنگە بەرامبەر ئەو قەتڵ و عامەی حشدی شەعبی، دژی سوونەکان ئەنجامی دەدات.

سەرچاوەکانیش باس لەوە دەکەن، ئەمەریکا، هێشتا سەیرکەری نمایشەکانە و وەکو تەماشەکەر ماوەتەوە و چاوەڕێی بارودۆخی ناوچەکەیە.

پارادۆکسی گەورە بەدیدەکرێت لەسیاسەتی ئەمەریکا، بۆ نموونە لە عێراق لەگەڵ ئێران هەماهەنگە بۆ شەڕی داعش، لەسوریا دژی سیاسەتەکانی ئێرانە لە بەرامبەر بەشار ئەسەد و لەیەمەن پشتیوانی لە سعودیە دەکات دژی لایەنگرانی ئێران و حوسیەکان.

# بەشی پێنجەم

## جیاوازی نێوان میلیشیا شیعەکان و سوننەکان

ئەگەرچی هەردووکیان، وزەو فکرەیان لە دینەوەیە و هەردووکیان بەرپرسن لە کوشتار و شەڕێکی تائیفی و ماڵوێرانی، بەڵام میلیشیا شیعەکانیش گەر بەقەدەر میلیشیا سوننەکان نەبن کەمترنین و بەپێی هەندێك سەرچاوە نزیکەی (50) هێز لە میلیشیای شیعە هەن لە (عێراق، ئێران، سوریا و یەمەن) و هاوکاری سەرەکیشیان ئێرانە و سەردەمی مالیکی بە سەردەمی زێڕین و خوێناوی ئەم گروپانە دادەنرێت و هاوکاری زۆر و زەوەندی بۆ شەڕی تائیفی دژی سوننەکان کردن.

خەتەرترینیشیان گروپی حەشدی شەعبییە، کە لەسەردەمی عەبادی و بە راگەیاندنی فەتوای سیستانی دروستبووە، بەپێی هەندێك سەرچاوە ژمارەیان گەیشتووەتە (120000) چەکدار و بە میلیشیای مەترسیدار دادەنرێن دژی سوننەکان و زۆر لە چاودێران پێیانوایە حەشدی شەعبی بە قەدەر داعش مەترسیدارە.

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی، میلیشیا شیعەکانی تاوانبارکردووە، بە کوشتنی خەڵکی مەدەنی و سوننەکان و بێ سەروشوێنکردنیان و داوای دەیان هەزار دۆلاریان لەکەس و کاری گیراوەکان بۆ ئازادکردنیان کردووە.
بەقسەی لێبوردنی نێودەوڵەتی (حەشدی شەعبی، سوپای مەهدی، بەدر، حزبوڵڵا، عەسائیب ئەهل هەق) داعشیان دژی سوننەکان کردۆتە بیانوو، حکومەتی عێراقیش تاوانبارە بە هاوکاریکردنیان و پێدانی چەك و پارە و حەشدی شەعبیش بە مەترسی جدی دەزانێت.
جگە لەوانە میلیشیا شیعەکان تاوانبارن بە کوشتنی بە کۆمەڵ و تەقینەوە لە کۆمەڵگە دانیشتوان و بازاڕەکان و شوێنی دانیشتنی سوننەکان بۆ تۆڵەکردنەوە بەهۆی ململانێی تائیفیەوە، بەڵام سەبارەت بە کاریگەری و فۆرمی کارکردن ئەم دوو ڕەوتە ئیسلامیە دەکرێت چەند جیاوازی لەنێوان میلیشیا سوننەکان و شیعەکان بخەینە ڕوو:
1-شیعەکان بە پێچەوانەی سوننەکان، خاوەن مەرجەع و یەکگرتوترن.
2-هاوپەیمانی شیعەکان (ئێران) ڕاستەوخۆ دێنە قەیرانەکانەوە، بە جدی پشتیوانی لە گروپە شیعەکان دەکەن، کە ئەمە کەمتر لەلای سوننەکان و وڵاتانی کەنداو دەبینرێت لە پێشەوە

هاوکاریان بکەن.
3-بەشێك لە سوننەکان (بەتایبەتی گروپی عشائیریە سوننەکان لەلایەن شیعەکانەوە بەکاردەهێنرێن دژی خودی سوننەکان، بەڵام ئەمە کەمتر لای شیعەکان وجودی هەیە یان هەر نیە).
4-گروپە شیعەکان لە رابوردوودا کەمتر کێشەیان لەگەڵ کورد هەبووە تا سوننەکان بە تایبەتی لە ناوچە جێ ناکۆکەکان.
5-شیعەکان بێ سنور، ناوچە پیرۆزەکانی عێراقیان بۆ گرنگە (نەجەف، کەربەلا، کازمیە و سامەرا) و دەیانەوێت کێبرکێی سوننەکان بکەن لە شوێنە پیرۆزەکانیاندا.
6-سیستانی دەتوانێت بە فەتوایەك، حکومەت دروستبکات و لابەرێت و میلیشیاکان ئاراستە بکات کەلای سوننەکان ئەمە بەدی ناکرێت.
7-نەجەف و کەربەلا هێزێکی روحی گەورەیە بۆ شیعەکان کە سوننەکان لە عێراقدا ئەم فاکتەرەیان بەدەستەوە نییە.

# بەشی شەشەم

-ئامانجی داعش و میلیشیاکان و مەترسیەکانیان،

-فاکتەرەکانی سەرهەڵدانیان

-ململانێی شیعە و سوننە

-ململانێی وڵاتانی ناوچەیی

-دەرهاویشتەی بەهاری عەرەبی

ئایا عێراق. یان حکومەتی هەرێم هەست بە مەترسی ئەم گروپانە دەکـەن؟ هەرچەندە پێویستە حکومەتی هەرێم جیابکرێتەوە چونکە، عێراق و حکومەتەکەی تاوانبارن بەوەی بەشێکن لە داڵـدەدان و پشتگیری لە رێکخراوە میلیشیا شیعەکان. وەکو چۆن سوننەکانی ناو حکومەتیش پشتگیری بەشێك لە میلیشیا سوننەکانن، بەڵام حکومەتی هەرێم بەشێك نییە لە پشتگیری لەم میلیشیایانە و لە هەمانکاتدا زۆرینەیان دژی حکومەتی هەرێم و سیاسەتی ئەم وڵاتەن.

**فاکتەرەکانی سەرهەڵدانیان:**

1. میلیشیا سوننەکان، دەرهاویشتەی ڕوخانی رژێمی بەعسن، بەشێکیان، بە تایبەتی و لە ئامانج ، دروشم و کارەکانیان دیارە، کە پاشماوەی سوپاو ئەفسەرە کۆنە قەومیە بەعسیەکانن.

ئەمانە پێیانوابوو روخانی بەعس و رژێمی سەدام حسێن،

سڕینەوەی سوننەیە لەسەر خاکی عێراق. بۆیە زوو کەوتنە دروستکردنی میلیشیاو تیرۆر و تەقینەوە و دژایەتی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکا و سوپای عێراق و تەنانەت کوشتنی شیعەکانیش. واتا ئەمانە میراتگری بەعس و سەدام حسێن بوون و زۆربەشیان لە لایەن وڵاتانی کەنداو و تورکیاوە هاوکاری دەکرێن.

**2. درێژبوونەوەی ململانێی سیاسی تورکی- ئێرانی**

واتا ئەم گروپانە درێژکراوەی سیاسەتی پاوانخواز و بەرژەوەندیخوازانەی ئەنکەرەو تارانن، (نەك لەبەر مەسەلەی تائیفی و مەزهەبیەوە (ئەگەر بەشێکی ئەم فاکتەرەیە). ململانێکانی ئێران و تورکیا کەمتر رەنگ و بۆی مەزهەبیەو زۆرتر سیاسیە. ئەوەش پەیوەندی بە فاکتەرەکانی:

أ. نەوت

ب. هەرێمی کوردستان

ت. داڵدەدانی سەرکردە سوننەکان لەلایەن تورکیاوە (تاریق هاشمی..)

پ. دۆسیەی پەکەکە و پەیەدە و کانتۆنەکانی خۆرئاوا بەتایبەتی کۆبانێ.

ج. -دەخالەتی تورکیا لە فایلی سوریا لە پشتیوانی میلیشیا سوننەکان و دژایەتی ئێران بۆ ئەو ئەجێندایە و پاڵپشتی لە رژێمی بەشار ئەسەد.

ح. -نزیکبونەوەی تورکیا لە نەیارەکانی ئێران لە کەنداو بە تایبەتی قەتەر و سعودیە.
خ. -پشتیوانی تورکیا لە ئیخوانەکانی ناوچەکە و چونە پاڵ وڵاتانی کەنداوی فارسی لە (گەردەلولی زەبر) یان (خۆڕاگری).

**3-غیابی هەڤاڵ مام جەلال:**

زۆر لەسەرچاوە سیاسیە خۆرئاوایی و عەرەبی و ئێرانیەکانیش لەسەر ئەو قەناعەت و بڕوایەن. کە مام جەلال گەورەترین کاریزمابوو، کە رۆڵـی لە نزیککردنەوەی هێزە سیاسیە عێراقیەکان بە (کورد و شیعە و سوننە)وە هەبوو، تەنانەت هێزە (ئیسلامییەکان، چەپ و سیکۆلار، نەتەوەییەکانیش) لەبەرئەوە غیابی مام جەلال نەك هەر کاریگەری هەبوو لەسەر پاشەکشەی دیموکراسی، بەڵکو گەورەترین کاریگەری هەبوو، لەسەر کۆکردنەوەی هێزە شیعە و سوننەکان و هاوسەنگی هێز لەنێوان وڵاتە ناوچەییەکان و رێزگرتن لەبۆچوون و سیاسەتەکانیان و هەوڵدانی بۆ چاککردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و تێگەیشتن لە سیاسەتەکانی ئەمەریکا و خۆرئاوا و گەشەکردنی دیبلۆماسیەتی عێراقی و چاککردنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ وڵاتانی نەیاری عێراق.

بەڵکو پارێزەری مافی هەموو عێراقیەکان و کوردیش بوو، بەڵام غیابی مام جەلال، فاکتەرێکی سەرەکی و کاریگەربوو لە

تێکچوونی بارودۆخی عێراق و سەرهەڵدانی میلیشیاکان و شەڕی تائیفی، کە هەر کەسێکی بەویژدانی عێراقی و ئیسلامی و کوردی و ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەست بە غیابی مام جەلال دەکات لە عێراقی زێڕینی سەردەمی مام جەلال و عێراقی غیابی سەرکردە مام جەلال دا.

**4- دەرهاویشتەی ململانێی شیعی و سوننی**

ئەم گروپانە خۆیان لەسەر ئەوە بونیادنراون کە شیعە یان سوننەن، پێش ئەوەی ناسنامەی سیاسی و فکریان روون بێتەوە. ململانێی تائیفی شیعەو سوننە لەسەردەمی بەعس شکڵی سوری ژێر خۆڵە مێش بوو. لەگەڵی روخاندنی بەعس، خێراتر گەشایەوە و قین و تۆڵە لە هەشتا ساڵی رابوردووی حوکمی کەمینەی سوننە، شیعەی هاندا. بەڵام ئەمجارەیان ململانێکە لە نێوان سعودیەو ئێراندا بوو بە پلەی یەکەم، دواتر تورکیا و وڵاتانی کەنداو لەگەڵ ئێراندا. ئەم ململانێیانە درێژ دەبێتەوە بۆ وڵاتانی یەمەن لە سوریا بەحرەین، ئەفغانستان..

**5- لە دەستدانی سەنتراڵ و نەبوونی سەنتراڵێکی دیموکراتی لە عێراقدا**

دوای روخانی بەعس و لە دەستدانی سەنتراڵی فاشی و میلیتاری بەعس لە بەغدا، عێراق هەرگیز نەیتوانی ئەو روئیا و خەونە بێنێتەدی، کە بەغدا دەبێتە پایتەختی کۆبونەوەی سێ هێزە

نەیارەکەی عێراقی پێشوو (شیعە، سوننە و کورد) بە شێوەیەکی دیموکراسی.

تەنانەت بەغدا بووە سەنترالّی پڕ ئاشووب و جێگەی داڕشتنی سنیاریۆ دژی سوننەکان لەلایەك و کوردەکان لەلایەکی ترەوە، کە کورد دەیخواست سەنتراڵێکی دیموکراسی بەهێز هەبێ بۆ هەرێمە فیدراڵەکان.

تەنانەت وایلێهات شیعەکان رایانگەیاند، بەغدا شوێنی سوننەکانی تێدا نابێتەوە، و بۆ داهاتووش شیعەکان دوو ئەلتەرناتیڤیان هەیە:

أ. یان کۆنترۆڵی هەموو عێراق.

ب. یان کۆنترۆڵی تەواوی ناوچە شیعەنشینەکان بە بەغداشەوە.

**6- لە دەستدانی ئیمتیازەکانی سوننە، چنینەوەی ئیمتیازەکان لەلایەن شیعە**

زیاتر لە هەشتا ساڵ سوننەکان حاکمی عێراقبوون و هەموو ئیمتیازەکانی عێراق بۆ ئەوان بوو، بەڵام روخانی بەعس هەموو ئیمتیازەکانی خستە دەست شیعەکان. بە پێی هەندێك سەرچاوە تەنها لە سەردەمی مالیکیدا (60) ملیار دۆلار براوەتە ئێران، بەڵام لە رابـوردوودا تەنانەت بەشێکی زۆر لە ئەفسەر و پلەدارانی بەعس خانەنشین نەکران و سەرگەردان بوون، بۆیە رویانکردۆتە شوانی و قاچاخچێتی و تیرۆر و چونە پاڵ داعش و گروپە مافیاکان و میلیشیاکان.

**7- دیموکراسی نەبووە مۆدێل**

لە غیابی دیموکراسی، میلیشیاکان و شەڕ و تیرۆر ململانێ تائیفی شتێکی وارد و ئاساییە، کە دەگوترا دیموکراسی پارێزگاری لە هەموو پێکهاتە ئیتنی و تائیفیەکان بکات و مۆدێلی نوێ لە عێراق دەستەبەر بێت. کە هەرگیز نەبووە و نابێت، چونکە بە تایبەتی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی پێیانوایە دیموکراسی لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێت و شیعە و سوننەش دەیانویست تەنها خۆیان حاکم بن.

**8-داعش و میلیشیاکان دەرهاویشتەی بە هاری عەرەبین**

گەر بە دیوێکیدیدا بەهاری عەرەبی یان بەهاری ئیسلامی، رامالینی دیکتاتۆریەت و شکستی گوتاری ناسیۆنالیزمی فاشی عەرەبی و سوپا و هێزە میلیتاریستەکان بوو یان سەرهەڵدانی گروپگەلی ئیسلامی رادیکال و گروپی تیرۆریست بوو، یان گەر رواوەکانی بەهاری عەرەبی رووداوێکی سەدەی (21) بن.

بەڵام دیوی نێگەتیڤی بە خێرایی گەشەکردن و بڵاوبوونەوەی گروپی ئیسلامی رادیکاڵ و فەندەمێنتاڵ بوو، لەوەش خراپتر میلیشیای شیعە و سوننە و تیرۆریستی زۆر و زەوەندی بەرهەم هێنا بەتایبەتی لە رۆژئاوای وڵاتانی عەرەبی و باکوری ئەفەریقا و کاریگەریشی لەسەر عێراق و سوریا داناوە.

**9- نەبوونی سوپایەکی یەکگرتووی بە ئینتیما**

کاتێك سوپا وجودی نابێت، تاکە ئەلتەرناتیڤ میلیشیای چەکداری ئیسلامی سیاسی، چەپ و ناسیۆنالیست، کە ئەم میلیشیایانەش هیچ ئینتیمایەکیان نیە بۆ دەوڵەت و حکومەت و پەرلەمان. بەڵکو پابەندن بە دین، دەق، مەرجەع، دەوڵەتانی دەرەوە و ئیمتیاز و توندڕەوی و حزبەوە.

**10- بڵاوبوونەوەی چەك و جبەخانەی سەربازی**

چ روخانی رژێمی عێراق و چ روخانی وڵاتانی عەرەبی و چ شەڕی سوریا و چ پشتیوانی ئێران، تورکیا و سعودیە و وڵاتانی کەنداو، چ بەهێز بوونی گروپی مافیایی و بازرگانی چەك، وایانکرد ئەم گروپانە بە ئاسانی دەستیان بە چەکی قورس و سوك بگات و باشتر ئاگری شەڕ خۆشبکات، واتا بەشێکی زۆری چەك و جبەخانەکانی چەکی ئەو وڵاتانە کەوتنە دەست ئەم گروپانە و باشترین نموونەش داعشە. واتا دەوڵەتانی تۆتالیتار و میلیشیاکان، هەمان کەرەستەیان بە دەستەوە بوو بۆ قەتڵ و عامی خەڵکی وڵاتەکانی خۆیان کە دەسەڵاتە تۆتالیتارەکان بەدەستیانەوە بوو، واتا دوبارە بوونەوەی مێژووی تراژیدی.

**11- سیناریۆی ناردنە دەرەوەی قەیرانەکانە لە وڵاتان**

هەموو وڵاتانی ناوچەکە و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی وڵاتانی خاوەن میلیشیاکان وەك (عێراق و سوریا، لیبیا، یەمەن

، ئەفغانستان، تورکیا) لەلایەن وڵاتانی دراوسێی سنورەکانەوە هاوکاری دەکرێن بەمەبەستی ناردنە دەرەوەی قەیرانەکانی ناوخۆیان بۆ دەورووبەر و ڕێگرتن لە ئارامی و بەرقەراربوونی دیموکراسی و مۆدێلی نوێی حوکمڕانی کە بەحساب لەلایەن ئەمریکا و خۆرئاواوە پشتیوانی دەکرێن.

**12-یەکخستنی سوننەکان لە دژی هەژموونی شیعی**

ڕوداوەکانی بەهاری عەرەبی + ڕوداوەکانی سوریا+ دەخالەتی ئێران+ دەخالەتی حزبوڵڵا+ قەیرانەکانی عێراق + هەژمونی شیعەکانی یەمەن (حوسیەکان) + بەحرێن = هەموو ئەمانە لەلایەن وڵاتی سوننیەوە بە تایبەتی (تورکیا و وڵاتانی کەنداوی عەرەبی) بونە هۆی یەکخستنی سوننەکان بۆ جەنگی تائیفی بەتایبەتی سەرهەڵدانی میلیشیا و گروپە سوننەکان و لەوانەش گرنگتر سەرهەڵدانی داعش.

**13-سیاسەتە چەوتەکانی مالیکی**

سیاسەتە، چەوتە، مەزهەبیەکانی عێراق و بەتایبەتی مالیکی دژی سوننەکان و کورد یەکێك لە فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی میلیشیا و گروپەکان و داعش بوو، بەڵام لە جیاتی سەرهەڵدانی میلیشیا، ناڕەزایەتی خەڵکی کوردستانی لێکەوتەوە سەبارەت بە مالیکی و حکومەتی عێراق.

**14-سەحوە مۆدێلێکی شکستخواردووی ئەمەریکا**

ئەمەریکیەکان یەکێك بوون لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی گورپی و میلیشیاکان و لەساڵی (2007) گروپی سەحوەی بۆ سوننەکان لە ئەنبار دروستکرد، چەکدارکردن و پارەی پێدان بۆ دژایەتی قاعیدە و سەرکەوتوش نەبوو. پاش بڕانی هاوکاریەکانیان زۆربەیان پەنایان بردە بەر میلیشیاکان بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازەکانیان. واتا ئەم گروپە ئینتیمای نیە بۆ دەوڵەت و سوپا، بەڵکو تەنها بەدوای ئیمتیازدا دەگەڕێت.

**15-بڵاوبونەوەی گەندەڵی و فەساد**

بەپێی ئامارەکانی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی عێراق هەمیشە لە ریزبەندی وڵاتە یەکەمینەکانە سەبارەت بە گەندەڵی و فەساد.

بۆیە سەرهەڵدانی زۆرینەی ئەم گروپانە وابەستەگیان هەیە بەم دیاریدەیەوە و لەهەمانکاتیشدا خۆشیان بەشێکن لە خولقاندنی و سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە، ئەمەش پارادۆکسە.

**16-رۆڵی نێگەتیڤی میدیاو سۆشیال میدیا**

ئەم گروپ و میلیشیایانە توانیان کەڵك لە میدیا و سۆسیال میدیا وەربگرن و کاریگەری نێگەتیڤ دروستبکەن و هەستی گەنجان و لاوان بۆ لای خۆیان رابکێشن و خەڵکی بترسێنن و پاڵەوانی خوێنرێژی دروستبکەن لەبابەتی (شاکر وەهیب- داعش) و (ئەبو عیزرائیل – حشدی شەعبی)

# بەشی حەوتەم

## داعش و میلیشیاکان و کاریگەرییان لەسەر داهاتووی عێراق و کوردستان

ئەم گروپانە زادەی فاکتەرگەلی زۆرن، بەڵام ترس و مەترسیەکە لەوەدایە. کە پێمانوابوو دەکرێت لەسایەی عێراقی دوای بەعس لەگەڵ ئەم پێکهاتانە مۆدێلێکی نوێ و سیستمێکی سیاسی پلورالا و دیموکرات بونیاد بنێن.

بەڵام دەرکـەوت، نە ئەمریکا ( کە بە فریاد رەسی عێراق و مۆدێلیزەکردنی دیموکراسی عێراق سەیر دەکرا) ویستی عێراقێکی ئـارام و سەقامگیر دروســت بێت. نە وڵاتانی ناوچەکەش درێغیانکرد لە وێرانکردنی ئەم وڵاتەو داڵدەدانی گروپ و میلیشیا ئیسلامی و میلیشیا شیعە و سوننەکان و تیرۆر و ماڵوێرانی.

تا گەیشتە ئەوەی داعش خۆی وەکو ئەلتەرناتیڤی بەشێکی زۆرینەی سوننەکان نمایش بکات.

داعش و میلیشیاکان جگە لە فاکتەر گەلی زۆروزەوەند، بەڵام:

1- ژینگەی سیاسی عێراق لەبار بوو بۆ گەشەکردن و خوڵقاندنی و تا بانگەشەی جیهاد بکەن لە ژێر ناوی دین و نەتەوەدا.

2- وەکو نوێنەری سوننیزم خۆی نمایش بکات و کارەکتەرە شکستخواردووەکانی بەعسیزم لە پاڵ خۆی جێ بکاتەوە.

3- ئەنتی دیموکراسیزم و ئیسلامیە رادیکاڵ و سەلەفیەکان لەخۆی کۆبکاتەوە.

ئەمەش گەر بۆ گروپێکی وەکو داعش سوننی، راست بێت،

ڕێك بۆ ڕێكخراوی (بەدر، حەشدی شەعبی، ڕەوتی سەدر، عەسائیبی ئەهلی هەق، جەیشی موختار، زۆرینەی میلیشیا شیعەکانیش) ڕاست و دروستن، چونکە ئەوانیش وەکو نوێنەری شیعیزم خۆیان نمایش دەکەن. کارەکتەرە ئەنتی سوننەکان جیا بکانەوەو گروپە ئیسلامیە شیعەکان وەکو خاوەنی ڕاستەقینەی عێراق بخەنە بەرچاو.

**کاریگەری میلیشیا و گروپەکان لەسەر عێراق و کوردستان**

1- «ئەم میلیشیا و گروپانە، (فیزیکی) عێراقین، (ڕوحیەن) شیعەیان سوننین، (لۆجستیکی) ئێرانی یان تورکی، یان سعودین...» بۆیە هەرکامیان سەر بە ئەجێندایەکی دەرەکین و مەترسیدارن.

2- ئەم میلیشیا و گروپانە، تا کۆنترۆڵ نەکرێن ( کە زۆر دوورە لەوەی دەوڵەت بتوانێت کۆنترۆڵیان بکات) ڕۆژ بە ڕۆژ عێراق بەرەو ماڵوێرانی و شەڕ و کوشتار تیرۆر و ئاژاوە دەبەن و پێدەچێت ئەوەی ئێستا دەیکەن بەربەریەتێکی نوێ لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا بخوڵقێنێت).

3-ئەم میلیشیا و گروپانە، ئەجێندایەکی ناوخۆ و دەرەکی بەرێوە دەبەن، کە جگە لە نەهامەتی و کاولکاری، چ لە مێژووی ڕابوردوودا، چ لە داهاتووش بۆ کۆمەڵگەکانیان هیچیتریان پێ نیە و کاولکارترین شوێن کە بەر ئەم ئەجێندا و ململانێیە

دەکەوێت عێراق دەبێت کە کاریگەری لەسەر کوردستانیش دەبێت.

4- ئەم گروپ و میلیشیایانە، راستەوخۆ یان نا راستەوخۆ کوردیان دابەشکردۆتە سەر دوو بۆچوون، و دوو ئارای جیاواز وا هەستدەکرێت لە ئاستی حکومەتی هەرێم، بۆچونێکی یەکانگیر و یەکگرتوو نەبێت و دوو بۆچوونی جیاواز هەبێت (بەرامبەر شیعەکان و سوننەکان) ئەمەش رەنگدانەوەی ئەو کاریگەرییە کە (حکومەتی هەرێم) تا رادەیـەك ئاڵاونەتە ململانێی جەمسەرگیری تاران و ریاز، یان شیعە و سوننە.

بێگومان هەڵوێستی لایەنە ئیسلامییەکانیش دوو تێڕوانینی جیاوازیان هەیە، کە دیسان لە ژێر کاریگەری ململانێی شیعە و سوننە، یان ئێران و سعودیە و تورکیدان لەوەش خراپتر بوونی دوو تێڕوانینی جیاوازە لە نێوان سەرکردایەتی پارتی.

لە نێوان سەرۆکی حکومەت کە دەڵێت: حەشدی شەعبی لە زۆر شوێن داعشیان شکاندووە زیـادەڕەوی دەکرێت لە دەخالەتی ئێران (ئەملۆنیتەر)، بەڵام سەرۆکی دەزگای ئاسایشی هەرێم دەڵێت: میلیشیا شیعەکان گرفتی گەورەترن لە داعش (bbc)، کە بێگومان ئەم بۆچوونە کوردیانە دەکرێت وا لێکبدرێنەوە بەشێکن لە قەیرانی میلیشیا و سیاسەتەکانیان. کە ئەمە دەکرێت بڵێن لایەنداریە بۆ هەرکام لە میلیشیا شیعی

و سوننییەکان. یان لایەنگریە لە سیاسەتی ئێرانی یان تورکی و سعودی. پێچەوانەکەشی راستە.

5. کورد دەبێت هەست بە مەترسی میلیشیا شیعی و سوننەکان بکات

چۆن سەرهەڵدانی داعش، کوردی توشی شۆکێکی سیاسی کرد و ئامادەگی سیاسی سەربازی و هەواڵگری وەك پێویست نەبوو. سەرهەڵدانی ئەم میلیشیا شیعی و سوننیانەش مەترسیەکانی داهاتوویان، هیچی لە داعش کەمتر نییە.

حکومەتی هەرێمی کوردستان (کورد) گەر هەست بە مەترسی ئەم گروپ و میلیشیایانە نەکات، بۆچوونێکی نالۆژیکی و ناواقعیە، هەروەك چۆن نەبوونی مەترسی لە خودی شیعە و سوننە ناواقعیە.

چونکە لە باشترین حاڵدا چ بە دیوی مەزهەب و تائیفی، چ بە دیوی ئیتنی و نەتەوەییدا کوردیان قبوڵ نییە.

6. سعود فەیسەڵ و قاسم سلێمانی ترسیان هەیە، کورد بۆ مەترسی نەبێت

هەرکام لە سعود فەیسەڵ و قاسم سولەیمانی وەکو دوو نوێنەری کارەکتەری سەرەکی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ناوچەکە و بە تایبەتی لە عێراق .. ترسیان لە گروپە دژو نەیارەکانیان هەیە.

-سعود فەیسەڵی سعودی، فاکتەری یەکەم و سەرەکی و هاوکارو داڵدەدانی گروپ و میلیشیا سوننەکانە و هەست بە مەترسی گروپە شیعە نەیارەکانی دەکات.
-قاسم سولەیمانیش، کە فاکتەری یەکەم و سەرەکی هاوکار و یارمەتیدەری سەرەکی میلیشیا شیعەکانە، هەست بە مەترسی گروپە سوننەکان دەکات.
کەواتا بۆ کورد کاتێك فەیسەڵ و سلێمانی ترسیان هەبێت، کە خۆیان داینەمۆی سەرەکی بەگەر خستنیانن، کورد بۆ مەترسی نەبێت. بەڵکو دەکرێت مەترسی ئەم دوو کارەکتەرە بەهەند وەربگیرێت.
7. گروپی مافیا و بازرگانی چەکن
ترسێکی تری ئەم گروپانە لەژێر ناوی دین و نەتەوە مەزهەبدا. جۆرێکن لە گروپی مافیایی و جەنگ و مامەڵەکردن بە چەك و بابەتی سەربازیەوە یان فڕاندنی کەسایەتی سیاسی، دینی، سەرمایەدار کە کاریگەری سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیان لەسەر ئایندەی عێراق و هەرێمی کوردستان جێدەهێڵن و لەرابوردووشدا دەیان کورد بوونەتە قوربانی ئەم میلیشیایانە. (بۆ نموونە عاسائیب ئەهل حەق دوو کوردی ناوچەی کەلار دەفڕێنن و (16) دەفتەر دۆلاریان لێ وەردەگرن و وتویانە چونکە بارزانی رێگا نادات، عەرەب بێ کەفیل بێنە هەرێم ئێمەش ئەوە دەکەین.

8-گروپ و میلیشیاکان ، بەشێکن لە عەشایری پۆپۆلیست

بەشێك لە عەشایرەکانی عێراق. بەتایبەتی سوننەکان. تەنها بەدوای پارەو چەکدارکردن و زۆر هەلپەرستن، بە پێی ئەجێندای وڵاتانی دەرەکی مامەڵە دەکەن و بەشێکن لە کوشتارو شەر و قەیرانەکانی عێراق.

9- مەترسی لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان

ململانێی دوورودرێژی رابوردووی کورد و بە تایبەتی لە دوای (2003) لەگەڵ عێراق (شیعە و سوننە) لەسەر ناوچە جێناکۆکانە کە خەتی تەماسە لە نێوان (کورد- سوننە) (کورد- شیعە) کە لە موسڵەوە تا دیالە دەستپێدەکات.

ئێستاش ئەو شوێنانەی کە لە شەرو ململانێیەکی سەختدایە لە نێوان کورد ، داعش. بە هەمانشێوە بوونە مەیدانی ململانێیەکی توندی شاراوەی نێوان کورد و ئەم میلیشیایانە، کە بێگومان هیچکامیان قبوڵیان نیە، کە کەرکوك، سەعدیە و جەلەولا (گولاڵە)،... ناوچەی کوردستانین. لەمبارەیەوە نوسەرێکی فەرەنسی دەڵێت عێراق (شیعە و سوننە) نیگەرانی ئەوە نین کە داعش، موسڵی داگیرکردوە، بەڵکو نیگەرانی ئەوەن کە کورد کەرکوکی کۆنترۆڵکردووە.

10- کارتی فشارن

بە تایبەت ئێران دەیەوێت. ئەم میلیشیایانە وەکو کارتی فشار بەکاربهێنێت لەسەر سوننەکان بۆ نزیکبوونە لە ئەمەریکا.

11- پابەندی دەوڵەت و حکومەت نین

ئەم میلیشیایانە جۆرێکن یان فۆرمێکن لە شێوەی عەسابەو پابەندی هیچکام لە رێووشوێنی دین، یاسایی و ئەخلاقی نین، هیچ ئینتیمایان نیە بۆ دەوڵەت یان حکومەت و سوپا و پابەندی هیچ پێوەرێکی ئەخلاقی و ئینسانی نین.

12- دژی پێشمەرگەن

ئەم میلیشیایانە. هەرکامیان چەندە رقی لە ئەوی تریانە (شیعە و سوننە) هەردووکیان رقیان لە پێشمەرگەیە، بەڵام چاوەڕوانی ئەوەن شەڕی داعش تەواوبێت و رەنگە شەڕی پێشمەرگە روبەڕووبونەوە بێت لەگەڵ ئەم میلیشیایانە، سەرەرای ئەوەی رۆڵ و ئەهمیەتی پێشمەرگە لەو شەڕانەی دژی داعش لەبەرچاوناگرن، یەکێك لە بەرپرسەکانی حشدی شەعبی دەڵێت (پشتمان بە خواو و ئێران بەستوە).

13- ئەمریکا دەستی ئاوەڵا کردوون

بۆ دژایەتی داعش، ئەمریکا دەستی ئاوەڵا کردوون و بێدەنگە لە میلیشیا شیعەکان.

بۆ نەرمی نواندنی ئێران لە دانوستانەکانی گروپی (1+5) لەگەڵ

ئێران و راکێشانی ئێران بۆ ناو قەیرانەکان.

14- میلیتاریزەکردنی عێراق

ئەم میلیشیایانە هێندەی تر عێراق و وڵاتەکانیتر بەرەو میلیتاریزەکردن و جەنگ و کاولکاری دەبەن و پابەندی هیچ رێساو یاسایەکی نێودەوڵەتی نین. لەبەرامبەردا رەنگە لەژێر ناوی حکومەتدا سوپا بە چەکی قورس تەیار بکرێت و بە ئاراستەیەکی خراپدا ببرێت.

15-پاشەکشەی پرۆسەی دیموکراسی.

هەرەشەن لە چاپەمەنی و میدیا ئازاد و کۆتاییهاتن بە کۆمەڵی مەدەنی و ئازادیەکان پرۆسەی هەڵبژاردن و پەرلەمان و حکومەت و رێکخراوەکان و مافی ژنان و لاوان.

16- هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ:

هێشتا پێکهاتەکانی عێراق، عەلەنی و ئاشکرا نەچونەتە شەڕی ناوخۆوە، بەڵام میلیشیاکان هاندەرن بۆ راگەیاندنی شەڕی عەلەنی ناوخۆ. واتا دەرکردنی سوننەکان لەناو شیعەکان و بە پێچەوانەشەوە یان رەنگە ناوچە کوردیەکانیش بگرێتەوە.

17- دەخالەتی بەهێزتری وڵاتانی ناوچەکە

زۆربەی نەهامەتیەکانی گەلانی عێراق دەخالەتی وڵاتانی ئێران و تورکیاو وڵاتانی کەنداوە. بەڵام رەنگە لە داهاتوودا وڵاتانی ناوچەکە زۆرتر دەخالەت و باربوی چەك و یارمەتی ماددی و دینی بکەن.

18- گۆڕانکاری سیاسی، جوگرافی و راگواستن لە بابەتی:
أ. داگیرکردنی موسڵ لەلایەن تورکیاوە
ب. جیابوونەوەیەکی خوێناوی لە عێراقدا کە ئارەزومەندانە نەبێت.
ت. دابڕانی ئێران لە سوریا و حزبوڵڵا .
پ. دژایەتی نفوزی PKK.
ج. چۆڵکردنی تەواوی ناوچە سوننی و شیعەکان لە یەکتر.
ح. راگواستنی زورەملێ: وەکو تەختکردنی ناوچە سوننەکان لەدوای شەڕی تکریت و ناوچەکانی ترو روخانی خانوەکانیان و دەرکردنیان.
خ. شەری خوێناوی لەگەڵ کورد لەسەر ناوچە جێ ناکۆکەکان.
19- خۆ پڕچەککردنی زیاتری (کورد، شیعە، سوننە).
20- سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێ و مەترسیداری رادیکالیزمی ئیسلامی لە بابەتی حیجابی زۆرەملێ. رێگرتن لەخواستەکانی گەنجان و داخستنی شوێنە تەرفیهی و حەرامکردنی، حەڵاڵکراوەکان و روخاندنی مزگەت و کەنیسە و شوێنە موقدەسەکان و بەتاڵانبردنی کەلتور و شوێنەوارەکان.
21- بارودۆخێکی خوێناویتر: کە سوریا لە چاویدا ئاسایی بێ کە (250000) کەس کوژراوە. رەنگە بەسەدان هەزار کەس لە عێراق لەسەر دەستی ئەم میلیشیانە بکوژرێن.

22-پێشیلکاری زۆرتری مافی مرۆڤ ڕێزگرتن لە پرەنسیپ و یاساکانی مافی مرۆڤ

تا دێت ئامارەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان فاکت زیاتر دەخەنە ڕوو، سەبارەت بە پێشێلکاری ڕەوشی مافی مرۆڤ و کوشتنی بێ دادگایی و تەعەدا کردن لە ژنان و کچان.

23- لێکەوتەی کۆمەڵایەتی نێگەتیڤ

لە بابەتی ڕفاندن و سوکایەتی بە ژنانی یەزیدی لە شەنگال و زەواجی مسیار و زۆرەملێ، زۆربوونی بێوەژن، منداڵانی بێ باوك و دزی و ڕاووڕوت، کێشەی کۆمەڵایەتی بەرفراوان و هەژاری و تەڵاق و جیابونەوە و پرۆسەی هاوسەرگیری ناشەرعی.

24- قەیرانی ئابوری و دارایی

دابەزینی نێوەندی داهاتیساڵانەی تاك و خراپبوونی گوزەرانی زیاتری هاوڵاتیان. کە هەژاری زۆرتر بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

25- قوربانیدانی زیاتری (پێشمەرگە) کە سەرمایەی گەورەی کۆمەڵگەی کوردستانن

چونکە تاکە هێزە کە بە ئینتما بۆ نیشتیمان داکۆکی لە خەڵکی کوردستان دەکات و هەموو میلیشیاکان بەچاوی دوژمن سەیری هێزی پێشمەرگە دەکەن.

26- پەرەسەندنی گەندەڵی و فەسادی ئیداری: لە بابەتی بەرتیل و نا شەفافی و ڕۆتین.

27- ئەگەری روودان و سەرهەڵدانی کودەتا
28- ئـاوارەبـوون و دەربــەدەری هاوڵاتیانی عێراق: زۆرتر لەوەی ئێستا هەیە چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت لەسەر دەستی میلیشیاکان، ئاوارەکان زۆرتربن.
29- خراپبونی رەوشی تەندروستی و پــەروەردە: لەسایەی گروپ و میلیشیا ئیسلامیە رادیکاڵەکان کە دژی کرانەوە و یاسا مۆدێرنەکانن.
30- دواخستنی چانسی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان ئەوەی کە دەبێت لۆژیکانە سەیری بکەین ئەوەیە کە تا رەوشی سیاسی عێراق ئارامتربێت و دیموکراسی گەشەبکات و دادگا و یاسا بەرقەراربێت و سیستمی فیدراڵی کاریگەری پۆزەتیڤی لەسەر هەرێمی کوردستان دەبێت و چەندەش نا ئارامی زۆرتربێت. میلیشیاکان گەشە دەکەن و چانسی راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان دواتر دەخات. هەرچەندە بە ئەزمونی ولاتانی یۆگسلافیا وا ناڵێین.
لەرویەکی ترەوە ناتەبایی و پێکەوە هەڵنەکردن رێخۆشکەریشە بۆ دابەشبوون، یان لانی کەم بۆ (3) هەرێمی کۆنفیدراڵ!

# بەشی هەشتەم

## قۆناغی پۆست داعش و فۆبیای میلیشیاکان

هەرچەند، چاوەروانیەکی دورە کە بەمزوانە داعش کۆتایی بێت، یان میلیشیاکان بنبڕ بکرێن، بەڵام قۆناغی پۆست داعش چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێت کە:

1-حەشدی شەعبی و میلیشیا شیعەکان، هێندەی داعش، مەترسی بن لەسەر سوننەکان، یان داعش چەندە مەترسی بووە لەسەر شیعە. حەشدی شەعبی هێندە مەترسی بێ لەسەر سوننەکان.

2-رەنگە دوای داعش سەردەمی زێڕینی میلیشیاکان بێت، بۆ کوشتار و تۆڵەکردنەوە بە تایبەتی هەرکامیان سەرکەوتوتربێت رەنگە ئەوانی تر قەتڵ و عام بکات.

3-داهاتووی عێراق لەبەردەم مەترسی دووبـارە بوونەوەی سیناریۆکانی سوریا و بەلکان و خەمیرە سورەکانی کامبۆدیا دایە.

4-پاشەکشەی داعش بەبێ گرەنتی بۆ سوننەکان کارێکی قورسە، کە رەنگە تراژیدیای گەورەی لێبکەوێتەوە، بەتێروانین لەوەی تا ئێستا میلیشیا شیعەکان ئەنجامیدەدەن.

5-پارچە پارچەبوونی عێراق، بەبێ چەترێکی یاسایی و نێودەوڵەتی و کە رەنگە سەدان هەزار ببنە قوربانی.

6-هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی نێوان شیعە و سوننە درێژەی هەیە، کە یانزە ساڵە خامۆشکراوە و دواخراوە. کە کوژانەوەی

زۆر قورس دەبێت.
7-سەرهەڵدانی گروپی مافیایی و باندی بازرگانی (مادەی بێهۆشکەر، بازرگانی چەك، بازرگانیکردن بە ژنان و منداڵان، دزینی شوێنەوارە گرینگەکان و نەوت...)
8-نەبوونی ستراتیژێکی روون سەبارەت بە داهاتووی هەرێمی کوردستان لەنێو ئەو قەیرانانەدا بەتایبەتی لەلایەن گروپ و میلیشیاکانەوە.
9-کاریگەری نێگەتیڤی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ئابوری لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگا.
10-کۆنترۆڵکردنەوەی موسڵ، رەنگە سەرەتای تراژیدیترین رووداوی عێراق بێت لەسەر دەستی داعش و میلیشیا شیعە و سوننەکان، بەسەرنجدان لەوەی کە لە تکریت روویدا و قەتڵ و عامی بێ وێنە دژی سوننەکان کراوە.

# بەشی نۆیەم

## ئەگەر و ئەلتەرناتیڤە، پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکان

دوو ئەگەرو گریمانە هـەن بۆ لێكدانەوەی سیاسەت و هەڵسەنگاندنی ڕەوشـی سیاسی عێراق و كوردستان. كە ڕەهەندێكیان پۆزەتیڤە و ڕەهەندەكەی تریان نێگەتیڤە، چونكە ناتوانرێت بڕوا بەوە بكرێت كە عێراق بەم نزیكانە دەتوانێت كێشە و قەیرانەكانی چارەسەر بكات، ئەگەرچی باس لەوەدەكرێت بەدوای ڕێكەوتنی (تاران و 5+1) ڕەنگە هەژمون و دەخالەتی ئێران لە عێراق و بەسەر میلیشیا شیعەكانەوە كەم دەبێتەوە، بەڵام هێشتا ئەمە زوە.

1-گۆڕینی نەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بە شێوەیەك كە هەموو لایەنە ناكۆكەكان ڕازیبكات. بەتایبەتی عێراق بكاتە سێ دەوڵەتی سەربەخۆی (كورد، شیعە، سوننە)

2-ڕێگرتن لە دەخالەتی وڵاتانی شیعی و سوننی لە قەیرانەكانی ناوچەكە و دانانی سنور بەشێوەی یاسایی نێودەوڵەتی یان فشاری سیاسی و ئابووری.

3-سنوردانان و فشار دروستكردن بۆ ڕێگری لە دەست گەیشتنی میلیشیا گروپەكان و چەك و جبەخانەی سەربازی.

4-بۆ كوردستان دوو ڕێگا هەیە: یان پشتیوانی خەڵك بۆ جیابوونەوە یان پشتیوانی نێودەوڵەتی بۆ سەربەخۆیی كوردستان. كە پێویستە سەرەرای ڕەهەندە مەترسیدارەكانی لەبەرچاوبگرێت.

5-گەر داعش ئەنتی شیعەو کوردە، قاعیدە ئەنتی ئەمریکا بوو. رەنگە گروپەکانی داهاتوو دژی هەموو پێکهاتەکانبن واتا دەبێت داعش ئەزمونێکی فێری هەموو لایەنەکان کردبێت. کە مەترسی گەورەتر لە داهاتوودا روبەرووی عێراق و هەرێمی کوردستان دەبێتەوە.

6-بەگەرخستنی دبلۆماسیەتی کوردی: بۆ راکێشانی سەرنجی وڵاتانی خۆرئاوا کە کورد بەشێك نییە لە کێشەکانی شیعە و سوننە و بەتەواوی خۆی دەربخاتەوە و کۆتایی بە لایەنگریەکانی بێنێت.

7-یەکخستنی گوتاری هێزە کوردیەکان: بە تایبەتی پێنج هێزە سەرەکیەکە. کە لەپەرلەماندان و گرنگی و رۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە.

8-ئاماژە تازەکانی (گەردەلولی زەبر یان خۆراگری) سعودیە و وڵاتانی کەنداو و پاکستان: بۆ سەر حوسیەکانی یەمەن ناردنی مسج بوو بۆ ئێران لە عێراق . کە رەنگە قەیرانی قوڵ بەدوای خۆیدا بهێنێت. کە کاریگەری لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستانیش دادەنێت.

9-شــەری ناوخۆ لەعێراق : دوبارەکردنەوەی سیناریۆکانی لوبنان، سربیا و بۆسنە.

10-بێ بەهابوونی دەستور: پشت پێ نەبەستنی و ئەگەری

هەڵوەشاندنەوەی حەررەك لە نێوان ئەسیوبیاو ئەمەریکا لە رابوردوو روویدا.

11-هەرگیز نابێت کەس چاوەڕێی ئەوە بکات کە وڵاتانی ناوچەکە هەنگاوێکی پۆزەتیڤ بنێن. گەر هێزە عێراقیەکان لەو وابەستەگییە خۆیان رزگار نەکەن

12-رەنگە چانسێکی باش بێ بۆ کورد. گەر هەنگاوی لۆژیکی بنێت و پشتیوانی نێودەوڵەتی هەبێت.

13- بڵاوبونەوەی گەندەڵی و فەساد و فەحشا و بێکاری و نەخۆشی ترسناك و مەترسیدار.

14-پێویستە حکومەتی هەرێم، فشار بکات بۆ ئەوەی ئەمەریکا و ئەوروپا، راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ هەرێم و هێزی پێشمەرگە بکەن. نەك لەرێگەی عێراقەوە، چونکە تائێستاش ئەو رۆڵەی پێشمەرگە وەك پێویست لەبەرچاو ناگرێت.

15-پێداچونەوەی ئەمەریکا لەگەڵ کورد بەتایبەتی لەسەر فایلی تیرۆر و مافەکانی گەلی کورد.

# بەشی دەیەم

## پلان و ئەڵتەرناتیڤەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هێزەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان

سەرهەڵدانی داعش سەرەڕای کاریگەری و دەرکەوتنی دیوە نێگەتیڤەکانی لەسەر هەرێمی کوردستان، بەڵام فاکتەر گەلی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا، کە لە بەرژەوەندی کورد بوون:

1-هاونەتەوەیبوونی هێزە کوردستانیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان:

یەکەمجارە لە مێژووی نزیکیدا کە هەموو هێز و حزبە کوردستانیەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان چ لەڕوی سەربازیەوە چ لەڕوی میدیایی و هاو هەڵوێستیەوە یەکگرتوانە بێنە مەیدان و بەگژ ئەم مەترسیەدا بچنەوە (هێزەکانی باشور، باکور، رۆژهەڵات، رۆژئاوا) بەشداری هێزەکانی باکور (PKK) و هێزەکانی رۆژهەڵات (کۆمەڵە و دیموکرات و پاك) و هێزەکانی رۆژئاوا (PYD و YPJ) زۆریەنەی هێزەکانی باشور و شەهیدبوونی سەدان پێشمەرگەی ئەو هێزانە لەبەرەکانی

جەنگ.

2-ژیـانـەوە و سەرلەنوێ گەرمبونەوەی پەیوەندیەکانی جەماوەری هەر چوار پارچەی کوردستان و داکۆکی لە ئەزمونی هەرێمی کوردستانی باشور و پاراستنی کۆبانێ و کانتۆنەکانی.

3-گوتاری میدیای کـوردی تا رادەیەکی باش روماڵی ئەم مەترسیەی کرد و جەماوەری بۆ سازدا.

4-یەکخستنی گوتاری هێزە نەیار و ناکۆکەکانی هەرکام لەپارچەکان بۆ بەرگرتن لەم مەترسیە. بۆ نموونە یەکەمجار بوو سکرتێری پێنج هێزی رۆژهەڵاتی دوای دەیان ساڵ لەبارەگای حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیە کۆبونەوە.

5-بەستنی کۆنگرەی نەتەوەیی لەسەر ئاستی هەر چوار پارچەکە و هەموو کوردانی دنیا، بە هەموو هێز و فکرو ئایدۆلۆژیانەوە لە ئەوپەڕی چەپ و ناسیۆنالیست و ئیسلامی و هێزە دیموکرات و لیبراڵەکان.

6-یەکخستنی کۆی گوتاری نەتەوەیی هەموو هێز و لایەن و کەسایەتیەکان چ سیاسی و چ میدیایی و سەربازی لە ئاستی ناوخۆیی، عێراق، ناوچەیی و نێودەوڵەتی.

8-خۆئامادەکردنی زوو یان درەنگ وەخت بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

9-بەکارهێنانی نەوت و سامانی ئەم وڵاتە بۆ بەهێزکردنی گوتار

و میدیا و لایەنی سەربازی یەکگرتوانە و پێداچونەوە بە کێشە و گرفتەکانی رابوردوو و کارکردن بۆ داهاتوو.
10-دەست هەڵگرتن لەناکۆکی و ململانێی هێزەکان لەسەرو مەسەلەی بەرژەوەندی حزبی.
11-پێکهێنانی ژورێکی تایبەتی کاتی لەبواری میدیا و پلان و ستراتیژی.
12-سـازان و چاکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق، تا دۆزیـنـەوەی ئەڵتەرناتیڤی گونجاوتر.
13-پشتیوانیکردن لە کانتۆنەکانی خۆرئاوا و پرۆسەی ئاشتی لە باکور و هەوڵدان بۆ ئازادکردنی ئۆجەلان بەتایبەتی کارکردن لەسەر میتۆد و مانیفێستی مام جەلال بۆ ئەم پرسانە.
14-کارکردنی جدی بۆ گەڕانەوەی ئینتما لای گەنج و لاوان بۆ مەسەلەکانی نیشتیمانی ئەمەش بە میتۆدی (ئەرك و ماف) جێبەجێ دەکرێت.

# بەشی یانزدەهەم

## ڕاپۆرتێکی نێودەوڵەتی گروپە ئیسلامیە ڕادیکاڵەکان بە مەترسی دەزانێت لەسەر جیهان

سەنتەری کاری خۆپارێزی (The Center For Preventive Action)، سەربە ئەنجومەنی پەیوەندییکانی دەرەوەی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکایە، لەراپۆرتی ساڵانەی خۆی بۆ ساڵی (2015) کە راپۆرتەکەی لەژێر ناونیشانی (روپێوی یەکەمینەکانی خۆپارێزی بۆ ساڵی 2015) ئامادەیکردووە لە (12)ی نۆڤەمبەردا بڵاویکردۆتەوە:

راپۆرتەکە لەسەر گرنگترین ئەو گرفت و کێشەو ململانێیانەی وڵاتـان وەسـتـاوە، کـەزۆر گرنگییان هەیە لەدروستکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکاو بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی ئەمەریکا.

راپۆرتەکە بۆ ساڵی رابوردوو (2014) دوو مەترسی گەورەی دیاریکردبوو (ڕووبەڕووبوونەوەی داعش لەسوریا و عێراق, مەترسی شەڕی تائیفی لەکۆماری ئەفەریقای ناوەڕاست).

لەسەر نەخشەیەك، هەموو ئەو ناوچانە کە ململانێیەکی گـەورەی تێدایە لەسەر ئاستی جیهان دیاریکراون بەپێی راپۆرتەکە ناوچەکانی ململانێی دابەشکران بۆ سێ ئاست بەپێی مەترسیان:

یەکەم: ناوچەکانی ململانێی کە هەرەشە و گرفتی گەورەن و لە ریزبەندی یەکەمینەکانن بۆ ئەمەریکا، بە سور رەنگکراوە: سیناریۆکانی ئەم ناوچانە بەمشێوەیەیە:

1-بەردەوامبوونی ململانێ لە عێراق.

2-هێرشی چاوەروانکراو بۆ سەر ئەمەریکا لە ناوەوە یان بۆ سەر یەکێك لە هاوپەیمانەکانی.

3-هێرشی ئەلیکترۆنی بۆ سەر ژێرخانی ئەمەریکا.

4-بەردەوامبوونی قەیرانەکانی کۆریای باکور.

5-هێرشی سەربازی ئیسرائیل. دژی پێگە ئەتۆمیەکانی ئێران.

6-سەرهەڵدانی روبەڕوو بوونەوەی چەکداری لە دەریای چینی باشور.

7-هەڵکشانی قەیرانەکان لە سوریا.

8-زیادبوونی نا ئارامی لە ئەفغانستان.

9-بەرزبوونەوەی شەر و کوشتار لە رۆژهەڵاتی ئۆکرانیا.

10- بەرزبوونەوەی ئاڵۆزی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستین.

(7) مەترسی پەیوەندیان بەگروپە ئیسلامیە رادیکاڵکانەوە.

* * *

دووەم: ناوچەکانی هەرەشەلەسەر، کە ئەگەری ڕوودانی مەترسیان هەیە و پلەی دووەمیان هەیە لەناو یەکەمینەکانی ئەمەریکا و ناوەندی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا.

ئەم ناوچانە بە رەنگی پرتەقاڵی رەنگ کراون بەپێی راپۆرتەکە سیناریۆکان ئاوایە:

1-بەردەوامی و زیادبوونی ململانێ لە لیبیا. (مەبەستی سوپای فەجری لیبیای ئیسلامیە)

2-زیادبوونی هێرشی تیرۆریستی.

3-نائارامی زیاتر لە میسر. بەتایبەت لە ناوچەی سینا. (بەهۆی گروپی ئەنصار بەیت ئەلمقدس).

4-نائارامی زیاتر لە ئەردەن.

5-هەڵکشانی توندوتیژی تائیفی و نائارامی سیاسی زۆرتر لە لوبنان. (مەبەست حزبوڵلا و گروپەکانی ترە)

6-هەڵکشانی توندوتیژی ناوخۆیی لە پاکستان.

7-توندوتیژی سیاسی لە نێوان کۆمەڵە کوردیەکان و هێزە ئەمنیەکانی تورکیا (کە مەبەست پەکەکەیە).

8-نائارامی سیاسی لە یەمەن. (مەبەست حوسیەکان و شیعەکان و گروپەکانی ترە)

(7) مەترسیان پەیوەندیان بەگروپە ئیسلامیە رادیکاڵەکانەوە هەیە گەر باسی ( ئیخوان تورکەکان) نەکەین.

* * *

سێیەم: ناوچەکانی هەرەشەلەسەر، کە ئەگەری کەمترین مەترسی لەسەرە پلەی سێیەمی هەیە لەناو سیاسەتەکانی ئەمەریکا بە رەنگی زەرد رەنگکراون و لە راپۆرتەکەدا سیناریۆکانی ئاوایە.

1-گەشەکردنی خۆپیشاندانە سیاسیەکان لە چین لە ناوچەی ئەیجور.

2-هەڵکشانی توندوتیژی تائیفی لە کۆماری ئەفەریقای ناوەراست.

3-هەڵکشانی توندوتیژی لە نێوان بووزیەکان و روهینجا لە میانمار.

4-شەری ناوخۆ لە باشوری سودان.

5-زیادبوونی نائارامی لە تایلاند.

6-قەیرانە سیاسیەکانی فەنزویلا.

7-نائارامی لە رۆژئاوای ئەفەریقا سەبارەت بە نەخۆشی ئیبۆلا.

* * *

بەپێی راپۆرتەکە لەئێستادا شەری ئەمەریکا لەگەڵ داعش بۆ هەر کاتژمێرێك (300) هەزار دۆلار خەرجیەتی,لەکاتێکدا

لەشەڕەکانی ئەفغانستان ڕۆژنە (200) ملیۆن دۆلار خەرجی بووە بۆ ماوەی (13) ساڵ.
ڕاپۆرتەکە گەورەترین هەڕەشە و مەترسی ململانێ لە نێوان شیعە و سوننە دەزانێت لەعێراقدا بۆ ساڵی (2015).
بەپێی سیناریۆکانی ئەم ڕاپۆرتە بێت هەڕەشەی گەورە لەسەر جیهان هەن کە زۆربەیان لەخۆرهەڵاتی ناوڕاست و لەناویشیاندا لە وڵاتانی عەرەبی ئیسلامین و یەکەم کارەکتەری مەترسیدارو هەڕەشەش گروپە ئیسلامییە ڕادیکاڵ و مەترسیدارەکانن.
واتە لەکۆی (25) سیناریۆی مەترسیدار کە ڕیزبەندی کراون (15) مەترسیان لەو وڵاتانەن کە باسمکردن، ئەو (15) هەڕەشەیەش لەوڵاتانی ئیسلامی و گروپە ئیسلامییە ڕادیکاڵ و تیرۆرستەکانن.
لەگروپی یەکەمی سور لەکۆی (10) سیناریۆ (7)یـان هێزە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکانن.
لەگروپی دووەم - پرتەقاڵی لەکۆی (8) سیناریۆ (7)یان هێزە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکانن.
لەگروپی سێهەم - زەرد لەکۆی (7) سیناریۆ، (1)یان هێزە ئیسلامییە ڕادیکاڵەکانن.

# بەشی دوانزدەهەم

## گروپ و میلیشیاکانی عێراق

## یەکەم: سوننەکان

1-الجیش الاسلامی فی العراق:

سوننی- سەلەفین ساڵی 2003 دامــەزراوە، پێکهاتووون لە ئەفسەرانی پێشووی سوپای عێراق، بەعسی و پیاوانی ئاینی سەلەفی و عەشایر.

-ئامانجەکانیان/ رزگارکردنی عێراقە.

-دژی پرۆسەی سیاسی عێراق و ئەنتی دەستوری عێراقین

-لەگەڵ سێ هێزی تر (جیش موجاهیدین، کتائب ثورە عشرین، جبهە الاسلامیە المقاومە عێراق)، ئەنجوومەنێکی چوار قۆڵیان پێکهێناوە.

2- کتائب ثورە عشرین:

کۆمەڵەیەکی سوننی، ئیسلامین، نزیکن لە هیئە علماء المسلمین

(حارس زاری) سەرۆکایەتی دەکرد (مرد) ڕێکەوتی 10 تەمموزی 2003 دامەزراوە.

-ئامانجەکانی، ڕزگارکردنی خاکی عێراقە لە ئیستملای عەسکەری و سیاسی بێگانە.

3. الجبهه الاسلامیه المقاومه العراقیه (جامع)

-عێراقی- ئیسلامین. لە 28 ئایار 2004 دامـەزراوە و باڵی سەربازی بە ناوی (کتائب سەلاحەدین ئەیوبیە)

-خاوەنی فکرەی ئیخوانین (یان ئیخوانی عێراقین)

-ئامانجیان دەرکردنی داگیرکەرە لە عێراق.

جوگرافیای ئەم گروپە ناوچە سوننەکانی وەك (موسڵ، دیالە، بەغدا، ئەنبار و بەسرە)یە

4.جیش الانصار السنه:

کۆمەڵەیەکی سەلەفی – جیهادین، لە ئەیلولی 2003 دامەزراوە و پێکهاتبوون لە (الانصار الاسلامی کوردی و سەربازانی عێراقی پێشوو و سەلەفیەکان) لەسەر شێوازی قاعیدە کاریاندەکرد.

-ئامانجیان دەرکردنی داگیرکەرە لە عێراق و جێ بەجێکردنی دین و شەریعەتی ئیسلامە.

-جوگرافیایان ناوچەکانی کوردستان بووە.

-بەرپرسیارن لە تەقینەوەکەی شوباتی 2004 هەولێر لە مەڵبەند و لقی یەکێتی و پارتی کە دەیان سەرکردەو کادری

هەردولا شەهیدبوون.
-سەدان تیرۆر و تەقینەوە و کوشتن، تەقاندنەوەی سەیارەیان ئەمجامداوە.
5- جیش الراشدین:
-کۆمەڵەیەکی ئیسلامی سوننین. ئامانجیان وەکو حرکە مقاولە الاسلامی و کتائب ثورە عشرین
پێکهاتوون لە چەند کەتیبەیەك (کتیبە الکوثر، فردوسی، جنود الرحمن، الفجر الصادق، مسلم بن عقیل)
-شوێن جوگرافیایان لە بەغداد الانبارو دیالە بڵاوبوونەتەوە.
-ئامانجیان کوشتنی داگیرکار و هاوکارەکانیانە بە تایبەتی دژی چالاکیەکانیان دژی ئەمەریکایە.
6-جیش المجاهدین
کۆمەڵەیەکی سوننین و نزیکن لەسوپای، ئیسلامی لە شوباتی 2005 دامەزراوە، ئامانجیان دژی داگیرکاری ئەمەریکا بووە.
7-تنظیم القاعدە الجهاد فی بلاد الرافدین:
کۆمەڵەیەکی سەلەفی، جیهادین، پێشتر لەژێر ناوی (جامعە التوحید والجهاد) بەسەرۆکایەتی ئەبوو مسعب الزرقاوی کاریان دەکرد، کە ئەویش بەیعەتی خۆی دا بە ئوسامە بن لادن.
-ئامانجیان، دەرکردنی داگیرکاری بێگانەیە و ئەمەریکایە لە عێراق و سوپاو پۆلیس ئامانجی تیرۆرکردنیان بوو.

-شەڕیان دژی شیعە ڕاگەیاندبوو، خوێنیان حەڵاڵ کردبوون و تیرۆریان دەکردن.
-پێگەی جوگرافییان لە ڕومادی (الانبار)، فلوجە، بەغدا، سامەرا، دیالە و کەرکوك) بوو.
8-الجماعە السلفیە المجاهدە
-سەلەفی، جیهادی، سوننین، نزیکبوون لە قاعیدە.
-ئامانجیان دەرپەڕاندنی داگیرکەرانە لە عێراق و جێبەجێکردنی ئەحکامی شەریعەیە لە 2003/7/1 دامەزراوە.
-دژی عیلمانی – سۆسیالست و شیوعی لایەنە قەومیەکان بوون.
9- الجماعات البعثیە والعشائریە
میلیشیایەکن سەر بە کۆنە بەعسی و فکری قەومی عەرەبین.
10-جیش محمد
کۆمەڵەیەکی سەر بە بەعسی پێشوون لە ئەفسەرانی سوپا و پاسەوانانی سەدام حسێن و لە هاوینی 2003 دامەزراوە، لە الانبار بوون، دژی ئەمەریکا و هاوکارەکانیان بوون.
11-ثوار الانبار:
سوننیە قەومیەکانن کە لایەنگری ڕژێمی پێشوترن، دژی ڕێکخراوی بەدری شیعە دەجەنگان بۆ دەرپەڕاندنی لایەنگرانی قاعیدە لە ناوچەکانیان.

12-جيش العزه فى العراق

13-الجبهه الوطنيه لتحديد العراق:

کۆمەڵەیەکی پێکهاتوو لە ئەفسەرانی پێشوو لە رۆشنبیران هەندێکیان قەومی و ئیسلامی بوون و لایەنگری حزبی بەعس بوون دژی بوونی ئەمەریکا بوون لە عێراق.

14-القياده العامه لمجاهدى العراق المسلحه المقاومه والتحديد فى العراق

کۆنە بەعسیەکان بـوون و دروشمەکانی حزبی بەعسیان هەڵگرتبوو. داوای دەرچوونی هێزەکانی ئەمەریکایان دەکرد لە عێراق و دژی ئێرانیش بوون.

## دووهەم: میلیشیا شیعەکان

1-حەشدی شەعبی: حەشدی شەعبی، بە حەشدی نیشتیمانیش پێناسە دەکرێت و لە (13 یونیۆ 2014) دروستبوە و لەلایەن فالح فیاز سەرکردایەتی دەکرێت، لەگەڵ هادی عامری و بەدوای فەتوای سیستانی دروستبوە و بەپێی سەرچاوەکان لە بودجەی 2015 (60) ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوە و ژمارەی ئەندامانی (100000 بۆ 120000) کەس مەزەندە دەکرێت و پێکهاتەکەش تەنها لە شیعە پێکدێت، تاوانبارە بە کوشتنی سوننەکان و خەڵکانی سڤیل و مەدەنی.

بەشێك بەرپرسە ئەمرکیەکان لەناویاندا دیڤێد پترایۆس سەرۆکی پێشوی (سی ئای ئەی) لە واشنتۆن پۆست رایگەیاندووە «حەشدی شەعبی کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێت.

له گروپی داعش مەترسیدارتر و له عێراق هەڵساون بەکاری ئابڕوبەرانه دژی سوننەکان».

پاش سەرهەڵدانی حەشدی شەعبی و مەترسیەکانی باس لەوەدەکرێت پێویسته سوپایەك بۆ سوننەکان بۆ پاراستنیان له قەتڵ و عامی شیعەکان دروستبکرێت و ئاماژه به رۆڵی سوننەکان دەدرێت له شەڕی دژی قاعیده.

2-حزبوڵڵای عێراق: ئاڵای زەرد وەکو بەیداخی حزبوڵڵای لوبنانیان هەڵگرتوه، واثق بەطاط سەرۆکایەتی دەکات، ئێران پشتیوانیان دەکات، دژی ئەفسەرانی بەعسن، ساڵی (2010) دامەزراوه.

3-فەیلەقی بەدر: هادی العامری سەرۆکایەتی دەکات، گوایه خاوەنی (12000) چەکداره، له ساڵی (2002) له ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی جیابۆتەوه و زۆربەی چالاکیەکان له دیالەیەو تۆمەتباره به کوشتنی بەشێکی زۆر له بەرپرسانی سوپای بەعسی پێشوو فرۆکەوانەکان.

4-عەسائیب ئەهل هەق: (2004) دامەزراوه، سەر به رەوتی سەدر بوون، دواتر له (2006) جیابونەوه و قەیسی خزعەلی سەرۆکایەتی دەکات، به (10000) کەس مەزەنده دەکرێن و رەوتی سەدر تاوانباریان دەکات به کارەساتی کوشتنی تائیفی، له توندرەوترین گروپەکانی شیعەیه و تاوانباره به کوشتنی

دەیان سەربازی ئەمەریکی، خۆیان دەڵێن (6000) هێرشیان دژی ئەمەریکیەکان ئەنجامداوە، بەشداری شەری سوریا دەکەن بۆ پشتیوانی لە بەشار ئەسەد.
5-ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی، عەمار حەکیم:
6-سوپای مەهدی: لە ئەیلولی (2003) دامەزراوە، بۆ دژایەتی هێزە ئەمەریکیەکان باس لەوە دەکرێت (60000) چەکداری هەیە.
7-سوپای موختار: (2013) دامەزراوە، تۆمەتبارە بە کوشتنی ئەفسەرانی بەعسی پێشوو، نزیکەی (40000) چەکداری هەیە لەلایەن قاسم الصئی دامەزراوە، هاوکاری رژێمی بەشار ئەسەد دەکات.
8-لیوا ئەبو فەزل عەباس: لە یەکەمینەکانی میلیشیا شیعەکانە کە لە شەڕی سوریا پاڵی دا بە بەشار ئەسەد لە (2012) پارێزگاری لە شوێنە پیرۆزەکان و مەرقەدی سەید زەینەب لە دیمەشق دەکەن.
9-لیوا عمار بن یاسر
10-کەتائیبی سەید شهدا لە عێراق
ئەمانە لە عێراق دژی بە سوننەکان دەجەنگن
11-سریا طلعیە خراسانی لە سوریا
12-لیوا الحمد

13-لیوا ذو الفقار لە عێراق و سوریا

14-کتائب موسى کازم

15-جەنگاوەرانی حوسی لە یەمەن

16-جیهادییەکانی بەحرێن

ئەمانە شەرەکانیان بەناوی شەر دژی کافران و سوننەکانە

• **سەرچاوەکان**


1. هەولێر، ژمارە 1963 (20--82014) (ئێران و رۆژئاوا دەبێت شانبەشانی یەکتر شەڕی داعش بکەن...)

2. هاوڵاتی، ژمـارە (1369) (18--82014) راوێژکارێکی پێشووی سوپای تورکیا (کشانەوەی شەنگال لەڕووی سیاسی و دەستکەوت، لەڕووی سەربازی و شکستەوە)

3. رۆژنامەی روداو، دیدار لەگەڵ گارێس ستانسفیڵد (قاسم سلێمانی، هەمان رۆڵی دیفید پترایۆس لە عیراق دەبینێت) ژمارە 319 (172014--2) لاپەڕە 9

4. تیرۆریزم یەکێتی ئەوروپا، بەهرۆز جەعفەر، رۆژنامەی چاودێر، ژمارە 480 (18--82014)

5. سایتی خەندان رۆژی (2-6-82014)

6. الازمە-الطائفیە-فی-العراق-إرث-من-الإقصاء

http://carnegie-mec.org/201423/04/

7. الحشد الشعبى

http://ar.wikipedia.org/wiki

8. أخبار دوليه/ الرجوع إلى الاخبار الرئيسيه/ الشيعه والسنه بالعراق يردون على الاصوات النشاز من الازهر بحق الحشد الشعبى.

9. أبرز 5 ميليشيات شيعيه مسلحه فى العراق

http://akhbarturkiya.com/?p=30882

10. الشيعه والسنه بالعراق يردون على الاصوات النشاز من الازهر بحق الحشد الشعبى

http://iraq.shafaqna.com/excerpt/item/51152%D8A7
84%D8%B4%DB%8C%D8%B9%D8%A-9%%D9

11. العراق.. ميليشيات شيعيه ترتكب جرائم حرب بمناطق سنيه

http://www.alarabiya.net/ar/arab-and-world/iraq/201
84%D8%B9%D8%B1%D8%%D8%A7%D9%/16/02/5
A7%D9%-82%

12. دانيال بايبس: دع الشيعه والسنه يقتلون بعضهم البعض والافضل قيام كيانات طائفيه

http://arabic.rt.com/prg/telecast/780012%D8%AF%
8A%D8%A7%D9%-84%D8%86%D9%D8%A7%D9

13. هيومن رايتس ووتش: ميليشيات شيعيه دمرت عشرات القرى السنيه ونهبت الثلاجات وأجهزه التلفزيون والملابس
http://akhbaar.org/home/2015187246/3/.html
14. موقف كردى مفاجئ: مليشيات الحشد الشعبى الشيعيه أخطر من داعش!
http://www.orient-news.net/?page=news
15. المليشيات الشيعيه فى العراق «قد تسبب مشكله أكبر من تنظيم الدوله
http://www.bbc.co.uk/arabic/middleeast/2015150316/03/_iraq_kurds_warning_shia_militia_in_tikrit
16. تركيا والقرار 2170: لا للتحالف ضد داعش
http://assafir.com/Articl
17. تعد مليشيات «فيلق بدر» و«جيش المهدى» و «عصائب أهل الحق» و «جيش المختار» و «لواء أبو الفضل العباس» أبرز المليشيات الشيعيه المسلحه، وتتمتع هذه المليشيات بقدرات ماليه وبشريه كبيره، ومعظمها تتلقى الدعم من إيران
http://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews/
18. العنف الطائفى فى العراق
http://ar.wikipedia.org/wiki % %82

19. جماعات مسلحه عراقيه

http://ar.wikipedia.org/wiki

20. منظمه العفو الدوليه تؤكد ارتكاب القوات الحكوميه والجماعات المسلحه جرائم حرب فى العراق

http://altaghier.tv/201526/02//%D9%%A8%D8%A7
%D984%%D982%%D988%%D8%A7/

21. الحدث نيوز (al-hadathnews) موقع اخبارى طسيل

www.alhadathnews.net/archives/133397

توافق ايرانى، امريكى و تفويض سورى لقتال داعش

22. البديل

elbadil.com

(غزه و داعش وقطر وتركيا ملفات تسارع من التقارب الحدث الايرانى.

23. الازمه-الطائفيه-فى-العراق-إرض-من-الإقصاء

23/04/http://carnegie-mec.org/2014

24. الحشد الشعبى

http://ar.wikipedia.org/wiki

25. أبرز 5 ميليشيات شيعيه مسلحه فى العراق

http://akhbarturkiya.com/?p=30882

26. الشيعه والسنه بالعراق يردون على الاصوات النشاز من

الازهر بحق الحشد الشعبى
http://iraq.shafaqna.com/excerpt/item/51152%-D8%
A7%D984%%D8%B4%DB%8C%D8%B9%D8%A-9
27. بترايوس: «داعش» ليس أكبر مشاكل الولايات المتحده بالعراق
http://www.alaraby.co.uk/politics/201520/3//%D8%A
8%D8%AA%D8%B1%D8%A7
28. العراق.. ميليشيات شيعيه ترتكب جرائم حرب بمناطق سنيه
http://www.alarabiya.net/ar/arab-and-world/iraq/20
1516/02//%D8%A7%D984%%D8%B9%D8%B1%D8
%A7%D9%-82%
29. دانيال بايبس: دع الشيعه والسنه يقتلون بعضهم البعض والافضل قيام كيانات طائفيه
http://arabic.rt.com/prg/telecast/780012%-D8%AF%
D8%A7%D986%%D98%A%D8%A7%D9%-84%D8
30. المليشيات الشيعيه فى العراق «قد تسبب مشكله أكبر من تنظيم الدوله
http://www.bbc.co.uk/arabic/
middleeast/2015150316/03/_iraq_kurds_warning_
shia_militia_in_tikrit
31. تركيا والقرار 2170: لا للتحالف ضد «داعش»!

http://assafir.com/Articl

32. تعد مليشيات «فيلق بدر» و»جيش المهدى» و «عصائب أهل الحق» و «جيش المختار» و «لواء أبو الفضل العباس» أبرز المليشيات الشيعيه المسلحه، وتتمتع هذه المليشيات بقدرات ماليه وبشريه كبيره، ومعظمها تتلقى الدعم من إيران

http://www.aljazeera.net/news/reportsandinterviews/

33. العنف الطائفى فى العراق

http://ar.wikipedia.org/wiki % %82

34. جماعات مسلحه عراقيه

http://ar.wikipedia.org/wiki

35. منظمه العفو الدوليه تؤكد ارتكاب القوات الحكوميه والجماعات المسلحه جرائم حرب فى العراق

http://altaghier.tv/201526/02//%D9% %A-8%D8%A7 %D984%%D982%%D988%%D8%A7/

## چاپكراوەكانی نووسەر

**1-خوێندنەوەیەك بۆ مەسەلەی گۆڕانی سیاسی لەعیراقدا**
(لێكۆڵینەوەی سیاسی) 2003

**2-تیرستان**
(گۆشەی رۆژنامەنووسی) 2003

**3-قەدەر**
(شیعر) 2003

**4-كورد لەئاڵوگۆڕانكارییەكانی عیراقدا**
(لێكۆڵینەوەی سیاسی) 2005

**5-ئاشنایی بە ئەفلاتوون**
(پێشەكی و پێداچوونەوە) 2005

**6-ئاشنایی بە ئەرستۆ**

(پێشەکی و پێداچوونەوە) 2006

**7-فایل**

(گۆشەی رۆژنامەنووسی) 2006

**8-یاداشتەکانی رۆژانی تەنیایی، گابرێل گارسیا مارکیز**

(پێشەکی و پێداچوونەوە) 2008

**9-دۆکیومێنت**

(گۆشەی رۆژنامەنووسی) 2008

**10-رۆمانێك لەگفتوگۆدا – چەند دیدار سەبارەت بەشاری مۆسیقارە سپیەکانی بەختیار عەلی**

(دیدارو چاوپێکەوتن) 2006

**11-کورد و قەیرانەکانی عیراق**

(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2008

**12-دیدار لەگەڵ سێ شاعیری چەپی کوردستانی ئێران**

(دیداری ئەدەبی) 2009

**13-لەئارێزەوە تا سازو زوڵفا**

(دیدار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی) 2010

**14-چاوەکانی باران**

(شیعر) 2010

**15-عێراقی مۆزایك و ناهۆمۆجین**

(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2011

**16-کاتی دواین قسەیە**

(گۆشەی رۆژنامەنووسی) 2011

**17-مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان**

(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2011

**18-لۆژیك، ئەپستمۆلۆژیا، میتافیزیك لە دیدیی فەلسەفیەو**

(فەلسەفە) 2011

**19-سەردەمی چاوەڕوانی**

(شیعر) 2012

**20-پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی**

(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2012

**21-قەقنەسێك بەسەر ئاویەرەوە**

(دیدار لەگەڵ مەزهەری خالقی) 2012

**22-شاهێنی ئاناوازا**

(دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە) 2012

**23-گوڵە گەنمێکی قەرسیلی سەوز**

(دیدار لەگەڵ ناسر رەزازی) 2012

**24-ملوانکەی شین، دیوانی شیعری شەریف**
(کۆکردنەوە و پێشەکی بەهاوبەشی لەگەڵ لوقمان رەئوف)(شیعر) 2013

**25-دیوانی بۆ ئازادی،**
دیوانی شیعری مصلح شێخولئیسلامی (رێبوار) کۆکردنەوە و ئامادەکردن وپێشەکی (شیعر) 2013

**26-چۆن بۆت بدوێم**
دیوانی شیعری ئەحمەد بازگر کۆکردنەوە و ئامادەکردن و پێشەکی، (شیعر) 2013

**27-رۆڵی یەکێتی لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان**
(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2013

**28-مەلا بەختیار-گوتاری ئەنکەرە، وەرچەرخانی هاوچەرخی کوردایەتی**
(وتاری سیاسی) 2013

**29-پێگەی خۆرهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەیدا**
(دیدار و چاوپێکەوتن) 2013

**30- بەهاری عەرەبی و مەترسییەکانی فێندەمێنتالیزم**
(سیاسی) 2015

**31- لە قەندیلەوە بۆ کۆبانی**
(دیدار لەگەڵ جەمیل بایك هاوسەرۆکی pkk و موراد قەرەیلان ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی pkk) (دیدار و چاوپێکەوتن) 2015

**32- هەژمونی پەکەکە دوای سەرهەڵدانی داعش**

(سیاسی) 2015

**33- هەژمoونی هیلالی شیعی لە خۆرهەڵـاتی ناوەڕاستدا**

(سیاسی) 2015

**34- فاکت**

(گۆشەی رۆژنامەنوسی) 2016

# له بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانكفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا ڕەحیم | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاكان | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركَة الحَداثَة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |